Lakim, heme ena barbarey û qetlîyamê dijminî, rana zî nêşêna adirê Newroz û mucadelê Kurdistnî biteféno. Şarê Kurdistanî, cenî, camêrd, kur û kulfet, xortan, kal û pîran hemini çekê xwi girotî xwi dest, paştîya xwi gerîlayan reydi yew kerd û hezê qahremanan pêrodayîşî reydi tam hîrê rojî, jîni Newroza xwi bimbarek kerd û adirê Newrozda xwi hewna nêkerd.

Şeherê Kurdistanî, Cizîr, Şirnax, Silopî, Nuseybîn, Wan, Hekarî di şarê Kurdistanî, top, tanq û teyarandê dijmin ver di jinî yew qahremaneya pîli dijminî nawiti. Dijmin mecbûr mend ki dewleta xwina faşîst ra taqwîyî ardimî biwazo. Heme enê qetlîyamê dewlatda har û gonîwerda, rana zî nêşêna adirê Newrozda Kurdistanî hewna biko. Dewleta faşîsti, bi seyan (100) Kurdî Kurdistan di qetil kerdî. Lakim, la dewleta faşîsti, yew derbêda pîlizî şardê Kurdistanî ra werdi û bi seyan esker û polîsê ja zî, hamey kiştiş. Dewleta faşîsti, serehewanayîşdê şardê Kurdistanî ra indi ki tersay, ja bi teyeran reydi cor di bombey şardê Kurdistanî ser o varnay. Lakim se kerd nêkerd, rana zî nêşêna mucadelê şardê Kurdistanî bişikno. Û nêşêna zî.

Çimkî Kurdistan, Kurdistano verên nîyo, roj bi roj mucadele xurt bîyo. Şarê Kurdistanî, hêdîna mesela xwina netawî(mîlî) weş fam kerda. Ti yew kuwet hêdîna nêşêno mucadelê Kurdistanî vindarno. Lakim dewlata faşîsti, yew çî xwi vîrî kena, ki o zî quwetê millet o. Serehewanayîşê milletan ver di ne topî, ne tanqî û ne zî, teyarey îdare kenê. Peynî di ê mahkûmê mergî. Wa dewleta faşîsti enaya rind bizanibo ki, go rojê Kurdistan ja rê bibo goristan.

Bijî Kurdistanêdo serbixwi û demokratîk.

Bimro dijmino fek bi gonî.

***

# SOZ BIDI ZÛRÎ MEKI

KOYO BERZ

Wextê di silasnayeyêdê Hz. Elî beno, çi kar o xirab û pîs esto se, no merdim keno.

Çi çî yo xirab û nêweş esto se, rayda ey ser o yo, rayda ey mîyan di ro.

Zîna keno, merdim kişeno, dizdey keno, vijyêno merdiman vernî û înan viran(sero) keno.

Rojê Hz. Èlî qerarê xo dano ki, nê dostê xo bîyaro ray û nê çîdê xirabîra fek bido verdayeni. Hz. Èlî dano piro sino nê dostê xo heti û ci rê vano:

-Dostê mi, ez ameya to ra recayê, bêrî(bê) na xirabey ra û nê kardê pîsî ra ti fek viradi. Nê karî ra çîyê to dest nêkewno. Merdimo ki xirabey û pîsey keno, kes ci ra hes nêkeno. Ti verî wina nêbî, se bî to.

Ti xo rê rayda Ellay di bî û zerarê to kesî nêristê(nêresaynê). Ez nêzana se bî to û çi çî ame to sere di ti kewtî na rayda xirabî. Ti zanê meşti merg esto, tengayey esta, cenet û cehnem esto, kes dest û lingan ra kewno. Kes tim wina nêmaneno, wexto ki kes bikewo, kes kêberî kesî ser o nîyakeno.

Berî xirabey ra fek viradi, rindey biki. Rindey biki ki, him na dinya di, him a dinya di, faydeyê ci to rê bibo û to qeza û belayan ra sitar kero.

Mêrdek vano:

-Dostê mi, bendê mi mekewi û mi ra fek viradi. Ez ne cenet û ne jî cahnimî şinasnana. Merg ra jî ez nêtersena. Mi rayîd nawo xo ver, ez do na ray birama. Çend mi dest ra bîro, ez do xirabey bikera.

Hz. Èlî vano:

- Qandê çiçî, sebebê ci çiçîyo?

Mêrdek vano:

- Qe, qandê çîyê jî nîyo, zerîya min a wazena, ez o jî kena.

Hz. Èlî, se keno nêkeno, nêşeno nê dostê xo, na naxirabey ra fek bido viradayeni û qiseyêda nêkerdeni, ci fek ra bigîro. Dostê ci sîya vano, sipe nêvano, sipe vano, sîya nêvano. Nêşeno na xirabey ra ney pey di açarno. Hz. Èlî fikiriyêno vano, ez do sere rayna bido jê ro, beno ki, ez ser kewa. Hz. Èlî ney rê vano:

-Madem ki ti na rayda xirabey ra fek nêviradanê û nîyabiryenê, ez do to rê çîna vaja, ti do ey rê mi rê soz bidê?

Mêrdek vano:

-Hele vaji o çî çiçîyo ez bizana, beno dana, beno nêdana.

Hz. Èlî vano:

- Ti do mi rê soz bidê, sond bûrê, qethîn û bîlla zûrî nêkerê, heme çî dûbira dûbir û bi camêrdeyda xo ya, raşt vajê. Ti wexto ki, kenê merdimê bikişê, yan jî to kişt bo jî, ti do mi rê raşt û raşt vajê.

Metersi, ez kesî rê nêvana û kesî pey nêhesnena.

Mêrdek dişmişî beno, xorê vano; «Mi fînê şana yo mîyan, ez raşt vaja do se bo». Ageyreno Hz. Èlî ser di û ci rê vano:

- No yo se no qeto, ez ney rê soz dana, sond wena ki, ez do zûrî nêkera û heme çî to rê raşt û raşt vaja. Seredê may û pîrde mi ser bo, Kuranî ser bo, genceyda mi ser bo, ez do to rê raştey vaja. Diha nînan girdêrî sond esto, ez bûra?

Hz. Èlî vano:

-Nê dezayê mi, ney girdêr sond çinîyo, Ella to ra razî bo, to ez nêşiknaya. Hz. Èlî tira xatir wazeno û dano piro şino. Keye di fikiriyêno û vano, eger o sozê xo tepêşo, zûrî nêkero se, mi o heme xirabey ra abirna. Wesarê ey newe kewt mi dest.

No mêrdek jî qelbdê xo di vano; Mi vatê qey Hz. Èlî zaf, bi aqil û zanawo. Hendê qirşê ney di aqil çinîyo û çîyê nêzano. O nêvano zûrî nêkerdeni ra çiçî da bivîjîyo. Ez xirabey a xo domkena, ser o jî heme çî raşt vana, o do mi rê se kero. Ez texmîn nêkena Hz. Èlî do bişo çîyo rind vejo.

Hz. Èlî dest bi pilanandê xo keno, roj bi roj, nê dostê xo paweno, dûrî ra dûrî temaşe jê keno û çimanê xo ey ser ra nîyabirneno. Sebebê ci no yo ki, ey bipawo, xirabeya ki o yo keno bikero, cayo ki o keno şiro bizano, beno ki ez ci razî bikera û ray ci ra bigîya. Ez do bipawa senî bikero, senî nêkero. Rojê no dostê ci xo keno hadre ki şiro jew merdimî bikişo. Xençerê xo keno xo ver o û keye ra vijyêno kewno ray. Bîlleheq bîllesebeb do şiro mêrdim bikişo, mexset xirabey bikero û qetil bo.

No wexto ki kewno ray, Hz. Èlî jî nano ney dimi. Xeylê wext ra pey Hz. Èlî xo resneno ney û ci ra pers keno:

-Dostê mi, to xo şideynayo wina, ècele, ècele tî yê hetê kotî ya şinê. To xençerê xo jî kerda xo ver, ceng-meng esto se, ma pîya şirê. Mêrdekî soz dabî, sond werdbî ki, zûrî nêkero, qandê coy raşt vano:

-Dostê mi, ez o kena şira filan merdimî bikişa.

Hz. Èlî dest erzeno ci doşî û vano:

-Dostê mi keç û qulê merdimî esto, gunayo, gunay to ey nîno se, wa qeçandê ey bîro. Ti ey bikişê, çiçî do to dest kewo. Dinya di hezaran a merdimî zey ney estê, kes jîna hes nêkeno û qilçixî gêno. Kes werzo nînan hemeni bikişo, emrê kesî qîmê ci nêkeno. Hadê ma şirê xo rê bigeyrê, wa hebe boya to abiyo.

Boya ci bena hera, hersê ci rawêreno. Winaya, no hesab a kiştenda filan kesî ra fek viradano.

Mîyabeyn ra hîrê-çihar rojî ravêrenê. No dostê Hz. Èlî çiwalê gêno keno şiro keyeyê ra çî bitiro, dizdey bikero. Tabiî Hz. Elî yo ney paweno. Wexto ki no çiwalî gêno û kewno ray şino. Hz. Elî jî

nano jê dimi. Xeylê wextra pey o reseno ci û ci rê vano:

-Oxirê to yê xeyrî bo dostê mi. Eskerîyê to dimi, to fetilnenê, tî yê wina ecele kenê. Ella zano girweyêdê to yo zaf muhîm esto.

Mêrdek vano:

-Willi girweyêdê min o muhîm çinîyo, mi waşt ki, şira keyê filan kesî kewa, çi altûn, pere û çi çîyê jê yo biqîmet esto se, bitira xo rê bera.

Hz. Èlî fina destê xo erzeno doşî da dostê xo û ci rê vano:

- Fek viradi dostê mi, ê çîyê ey bidi xatirdê qeç û quldê ey. Ey nika çi rezîley a o çî arê kerdo pêser, o pere resnayo pê û o keyê viraşto. Gunayo, ti şirê ê çîyê biqîmetî biyarê û çihar ra jew fîyata biroşê. Gunayê to cê nîno, wa qeçandê ey bîro. O şew û roj girweyayo, ey qeç û qûlê xo veyşan verda yo, şîyo çîyê keyî xo rê herîna yo. Ey bi seran a kom kerdo, ti do şirê rojê di vila kerê û berzê kuçan, zaf gunayo (gunewo), hadê pey di ageyri ma şirê xo rê hetê baxçan a doşbê, bigeyrê, xo rê rayîda çî mî bûrê û hawayê bigîrê.

Nê dano piro şinê baxçan mîyan ra geyrenê, dar-maran ser ra xo rê fîrîg û meywe çînenê wenê. Fina şeytan nê dostê Hz. Elî ci ra dûrî kewno û no jî no hesab a dizdey ra fek viradano.

Miyabeyn ra hendê mengê di mengî wext ravêreno. Labrê Hz. Elî kar û barê xo fek ti ra veradano, roj bi roj, ling bi ling, ney taqîb keno û cê paweno.

Rojê no dostê Hz. Èlî çinayo newe dano xo ra, lewanta saweno xo, boya weş a zey misk û embarî fînê xo ra dano û keye ra vijyeno şino.

Hz. Èlî fina lingan hewedano, ecele keno û lez şino xo resneno nê dostê xo û ci rê vano:

-Ooo oxir bo dostê mi, no çiçîyo ti bîyê zey filîntaya. Ca-ma yê di veyve, meyveyê esto, yan jî to xo rê jew dîya, tî yê kenê şirê biwazê, to xo xembilnayo, kerdo zey zamay a. Eger veyve esto mi jî xo di beri, eger tîyê şinê xo rê keyneki wazenê fina mi xo di beri, gorey èdet û tureyan ez to rê biwaza û şahîdey a to bikera.

No mêrdek sozê xo tepşeno û vano: -Perey, mi cayê di veyvekê da zaf xasek û ciwani dî. Zeriya mi a veyveki rê şî. Ez o kena şira zor a a veyveki virari kewo. Kesê ci jî keyê di çinîyo, a tenîyaya keye di.

Hz. Èlî vano:

- Zaf eybo dostê mi, zaf. A veyvi namûs û şerefê ja ê wayîrandê ja wo. Merdim o camêrd çimê xo nêverdano namûs û şerefdê şarî. Herûnda a veyvi di waya to bo, cinîya to bo, ti tehamûl kenê û razî benê ki, şar jî razî bo. Merdim o zey to camêrd û zengîn senî şiro çim verdo namûsdê şarî û zor a dest berzo veyv da şarî. Ti çîyê do wina bikerê, meşti, ti do çi rîya bivijîyê milleti mîyan û çi rîya bewnî ridê dost anbazan ra. Senî rî yê to gêno, ti bîrê dost û enbazandê xo heti roşê. Kamcî rîya ti do bewnî may û pîrdê xo ra, way û biraydê xo ra, deza û dedkeynandê xo ra. Nêbo, nêbo ti çîyê do wina bikerê. Ti zanê, qandê namûsî millet a ma însanan rezîl û kepaze kena. Tî çîyê do wina bikerê, milleti mîyan di qîmet û şerefê to do bîro diperey û to kotî ra ravêrê qeçekî do to bihuwê û to sî kerê.

Çîyê do wina wa kes pê nêhesîyo, hadê rew ma pey di ageyrê û şirê qahwexane, hetanî ki kesî ma tîyanan di nêdîyê.

Nê danê piro şinê qahwexane, qahweyêdê xo şimenê, wija ra jî danê piro şinê rezan mîyan. No hesab a no dostê Hz. Èlî a veyverî ra jî fek viradano, xo xirabey û zîna kerdeni ra zî fek verdano dest reyneno. Roj bi roj, séet bi séet, gam bi gam Hz. Èlî ney taqîb keno û paweno. Mexsedê Hz. Elî no yo ki wexto ki no keno şiro xirabê yan jî çîyê bikero vernîya ci bigîro û nêverdo. Wexto ki no raşt çîyan Hz. Èlî rê vano, karê Hz. Èlî diha beno hêsan û rihet. Xeyrdê raşt vateni û zûrî nêkerdeni, Hz. Èlî vernîya çîyan ci ra gêno. Goreyo ki zaf xirabey kerdeni ra hes keno û xirabey keno, winî zûrî kerdenî ra hes nêkeno û sozo ki dano ey tepşeno.

No hesab a, no babet a şeş mengan mîyan di, no daostê Hz. Èlî beno zey milîyaketan, zey verîya û heme çîyo xirab û xirabey kerdeni ra fek viradano.

No merdim o zalim û xirab beno zey melekîya.

Eya tepey a no merdim ne winêno namûsdê kesî ra, ne çim verdano mal û milkdêş arî, ne merdim kişeno û ne jî dizdey keno. Zey riwenîya xirabey ra beno pak. Welhasil sebebê heme çî, zûrî kerdişo.

Hz. Èlî fikiriyêno vano, Wa heme bizanê ki kes zûrî nêkero, kes eno raya raşti bivîno û rati kewo. Verê coy mi se kerd nêkerd, miş neşa dostê xo nê rayandê xiraban ra abirna û bîyara rayda raşti ser. Wexto ki dostê mi soz da û zûrî nêkerdî, bi xo rayda xirabi ra vijîya û kewt rayda rati ser. Wexto ki, kes zûrî nêkero, dêmek kes nêşêno xirabey jî bikero. Kes bi zûran a xirabey keno, dost û enbazanê xo xapeyneno.

Zûrî benê sebebê heme çî.

## DÉ HELA

Dê hela rayê soresê ma ra.
Zê pêşmerge damyê pêro.
Emrê miletê xo ra

Koyê Kurdistanî zof berz o.
Dismen rê sarê dez o.
Zalim ma rê ferman veto.
Na hona ma rê ne bes o.

Miletê ma dest da zumîn.
Dismenî va kê le min.
Pirodê birayêm pirodê qevîn.
Ebê çekê xo nevîn.

Dê hela rayê azadîyê ma ra.
Zê camêrdo damyê pêro.
Sew a Welatê xo ra.
Zê pêmerge damyê pêro.
Sew a xelasbîyayênî miletê
xo ra.

**Hemedê Mamêkiz**

www.arsivakurd.org

# Awrûpa ra çend xeberê protestoy

Dewleta faşîsti, Newroza em serên di qetlîyamî viraştî. Kurdê ki Awrûpa di bî, senî ki jîni enê qetlîyamê dewleta faşîsti federasyoni û bi namebê partiyandê Swêdî zî, temsîlcîyanê partîyan, cîya, cîya qalî kerdî. Jîni qalîkerdişdê xwi di




eşnawitî, Kurdan welatandê Awrûpa di protestoy û mitîngî viraştî. Hama, hama heme şeherandê Awrûpa di konsolosxanê Tirkan û broyê teyarandê jîni hamey xirabekerdiş.

Kurdê ki swêd di bî, jîni zî senî enê qetlîyamê dewleta faşîsti eşnawitî, hama cadi protestoy viraştî. Yew gûrûba paştîdayoxandê PKK î, vist bi broyandê teyerandê Tirkan ser, camê broyan şikitî û tira dim zî, vist bi konsolosdê Tirkan ser camê pencerandê konsolosxanî şikitî û konsolosxane xiraba kerd.

Federasyona komelandê Kurdistanî Swêd di, 24.3.1992 di semedo ki qetlîyamanê dewleta faşîsti protesto biko, ja zî yew mitîngi viraşti. Mitîng di nizdîka 250 ten kom bibi pêser. Mitîng di serokê paştîdayişê xwi kurdan nawit û qetliyamê dewleta faşîsta Tirkiya, ricim kerdî. Mitîngi, Sergelstorg ra dest bi rayîd şîyayîşî kerd û şî bi hetanî konsolosxanedê Tirkîya heti. Kurdan bi visteşdê solaxanan reydi qetliyamê dewleta faşîsti protesto kerd. Mitîngi konsolosdê Tirkan heti, bi vindertişdê hurmet nawitişdê şehîdan dim ra marşê Kurdan «Ey Reqîb» hame wendiş. Wendişdê Ey Reqîbî dim ra insano ki mitîng di bî, jîni rana solaxanê vistî û tira dim hedî, hedî mitîngi vila bî herkes şi bi keyandê xwi

Stockholm 24.03.1992

**Mihemed Himbêlij**

## BANG "ÇAĞRI"

**Wendoxê ercîyayey!**

**Ma wazenê pelanê(sayîfa) Berbangi başê Dimilî, zêde bikê. Eger şima wazenê rojê aver lehçê Dimlî raşt û têkûz bêro nûştiş se, nûştanê xwi ma rê berşawênê**

**REDEKSÎYON**

www.arsivakurdi.org

# SERÎLÊDANA JI BO BEŞA TERCÜMANIYA KURDÎ

Dem û roja paşîn ya serîlêdana beşa tercûmaniya kurdî li Unîversîta Uppsalayê di 15.05.1992 an de ye.

Azmûna (îmtîhan) bi nivîskî di roja şemî 30.05.1992 an di saet 16.00-21.00 an de li Polacksbacken li bajare Uppsala ye.

Kesên ku daxwaz dikin serîlêdana beşa tercûmaniya kurdî bikin, dibê di wexta xwe de daxwaziya serîlêdana xwe ji vê navnîşana ku li jêr hatiye nivîsandin re biîne! Institution för afro-asiatiska språk

Box 513

751 20 Uppsala tel.018-181090

Herweha hun dikarin ji bo agehdariyên fireh li gel sazgehên jêrîn peywendî deynin.

Enstituta Tercûmanî û Wergerandinê li Zanîngeha stockholmê

Tel: 08-16 20 00

Federasyona Komelên Kurdistanê li swêdê

Tel: 08-652 85 85

**Şoreş Zîrek**
**Berpirsiyarê Komîta Perwerdekarî ya Federasyonê**

---

بەشی وەڕگێرانی کوردی لە زانکۆی ئوپسالا

**کات و ڕۆژی سەرلێدانی بەشی کوردی «وەرگێڕان» لە زانکۆی ئوپسالا ١٥/٥/١٩٩٢.**

**کاتی تاقیکردنەوە بە نووسین، کاتژمێر ٤ ی پاش نیوەڕۆ تا ٩ ی پاش نیوەڕۆ، ڕۆژی ٣٠/٥/١٩٩٢.**

**هەر کەسێک بخوازێت سەردانی بەشی وەرگێڕانی کوردی بکات، دەبێت بەر لە کاتی دیاریکراو پێوەندی لەگەڵ ئەم ناونیشانە بگرێت:**

Institutio för afro-asiatiska språk
Box 513
751 20 UPPSALA
Tel: 018-18 10 90

**هەروەها دەتوانن بۆ زیاتر ئاگاداربوون لەگەڵ ئەم دەزگایانە پەیوەندی بگرن:**

**ئامۆژگای وەرگێڕان لە زانکۆی ستۆکهۆڵم**

Tel: 08-16 20 00

**فیدراسیۆی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید**

Tel: 652 685 85

**شۆڕش زیرەک**

**بەرپرسیاری کۆمیتەی پەروەردەکردن**



www.arsivakurdi.org

Premiär

Kvälls öppet

RESTAURANG

# Västergök

Holländarg. 2 (1tr. upp i Kungshallen)
Tel. 08- 11 96 36 BORDBEST: 11 96 87

INTERNATIONAL

**ÖPPET ALLA DAGER MÅN - FRE - 11 - 01 LÖR 12 - 01 SÖN 12 - 01**

*VI HAR INTERNATIONELLT KÖK*
*MED FRANK - ITALIENSK - KURDISK*
*TURKISK. GREKISKA MAT ALLA DAGER !!!*

**LEVANDE MUSIK TIS. ONS - TORS**
**MED MAGDANS 2000 - 0100**

* MÅN ------ Öppet som vanligt
* TIS - ONS -------- Orientalisk musik med magdans -------
* TORS ---- Grekisk musik med magdans
* FRE - LÖR ---- Samma drag som vanligt med gästande D.J -------
* SÖN ------ Happenings med magdans -----




Navnîşana Xwestinê:
Komela Kurd li Spånga
Box: 41 18, 163 04 Spånga Tel. 08 - 761 51 22

www.arsivakurdi.org



## - نێرگس بووکی کوردستان -

فیلمێکی کوردی «٣٥»ملیمیە، بیرۆکەی چیرۆکەکە محمەد مەکی عەبدوڵا ئامادەی کردووە و جعفر عەلی دەرهێناوە. ٢٤ ئەکتەری پلەی یەک، ١٥٧ ئەکتەری پلەی دووهەم و ...٣٠ کۆمبارس تێیدا بەشداریان کردووە.

وێنەکانی، لە سلێمانی، رەواندوز، بێخاڵ و دەربەندیخان گیراوە.

ئامادەکردنی فیلمەکە ١.٢ ملیۆن دیناری تێچووە.

ئامادەکردن و دەرهێنانی

نزیکەی دوو ساڵی خایاندووە و ئەوین بیرۆکەی سەرەکییە لە فیلمەکەدا.

www.arsivakurd.org

باشترین و هەرزانترین فرۆکە بۆ ئێران

بە:

# ئاژانسی پارس ئیکسپرێس

بۆ بە دەستهێنانی بلیتی هەرزانی فرۆکە بۆ تورکیا، سوریا، لوبنان، ئەمریکا، کەنەدا و هەر شوێنێکی دیکەی جیهان دەتوانن لەگەڵ ئێمە پێوەندی بگرن:

Pars Express
Resebyrå
Frejgatan 49
113 49 Stockholm
Tel. 08- 34 38 42



## مزگێنی

بەرگدرووی (لاوێن) لە رۆژی ١٩٩٢/٣/٢٥ لە سوێد (شاری لینشۆپینگ) دەکرێتەوە.

بۆ یەکەمین جار لە ئەورووپادا، هاوولاتیانی کورد دەتوانن لە بووتی کارگایەکی درووتنی جلی کوردی بەرهەم وەرگرن. بەم جۆرە هاوولاتیانی کورد لە ئەورووپا، دەتوانن ئەوپەری کەڵک لە ئیمکاناتی بەرگدرووی (لاوێن) وەرگرن.

بەرگدرووی (لاوێن) بەڵێن دەدات کە بە درووتنی جوانترین و باشترین مۆدێلە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی چوارپارچە کراومان، ئەوپەری خزمەت بە زۆرتر بووژاندەوەی کولتووری کوردەوارمان لە دەرەوەی وڵات بکات.

بۆ وەدەستهێنانی ئاگاداری زۆرتر دەگەڵ ئەو ژمارە تەلەفۆن و ئادرێسەی خوارەوە پێوەندی:

بە پێی ئەو خاڵانەی خوارەوە، ئەندازەکانمان بۆ رەوانە بکەن:

| بۆ پیاوان | بۆ ژنان (کراسی موکریانی): | ئەندازەی کراسی سنەیی: |
| --- | --- | --- |
| ١- پانایی شان | ١- ئەندازەی بەژن لەسەر شانەوە تا قوڵایی کەمەر. | ١- درێژی لەسەر شانەوە تا بەری پێ |
| ٢-دەوری سینگ | ٢- درێژی داوێن | ٢- دەوری سینگ |
| ٣- دەوری باسک | ٣- پانایی شان | ٣- درێژی باسک (بە سۆزانییەوە یان بێ سۆزانی) |
| ٤- دەوری یەخە | ٤- دەوری سینگ | ٤- دەوری یەخە (یەخە کوردی یان هی تر) |
| ٥- دەوری کەمەر | ٥- درێژی باسک | ٥- پانایی شان |
| ٦- ئەندازەی دەرلینگ | | |

### نرخی درونی (بە کرۆنی سوێدی)

پیاوان و منداڵان (٥ تا ١٠ساڵە)

| | |
| --- | --- |
| رانگ و چۆغە | ١٥٠-٣٠٠ |
| رانک و چۆغەی بوزوو | ٢٠٠-٤٠٠ |
| کەوا و پانتۆڵ | ٢٠٠-٣٥٠ |
| پانتۆڵ | ٥٠-١٠٠ |

Lavens Sykläder
Kettilsgatan 2A, NB
581 21 Linköping
Sweden
Tel. 013 - 123159

Öppettider:
Måndag - Fredag 9-18
Lördag 10-14

ژنان و کیژان (٥ تا ١٠ ساڵە)

| | |
| --- | --- |
| کراسی موکریانی | ٨٠ - ١٥٠ |
| کراسی سنەیی | ١٠٠ - ٢٠٠ |
| کراسی گەرمیان- دەستووری هەولێر | ١٥٠ - ٣٥٠ |
| پولەکەداری سنەیی | ١٥٠ - ٣٠٠ |
| پولەکەداری موکریانی | ١٨٠ - ٣٥٠ |
| کەوا | ٨٠ - ١٥٠ |
| ئاواڵ کراس | ٣٠ - ٥٠ |
| دەسماڵ | ٢٠ - ٣٠ |


www.arsivakurdi.org

# بەرهەمی نوێ

«بەربانگ» ئەم بەرهەمە نوێیانەی پێگەیشتووە:

*EXIL: کۆمەڵە شیعرێکی «فەرهاد پیربال»ە، بە ١٦٣ لاپەڕەی قەوارە ناوەندی، لە لایەن ئەنستیتووی کورد، لە پاریس چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

* فرمێسک و خەبات: چیرۆکێکی درێژی، «سیامەندی شێخ ئاغایی» یە، لە بەرگێکی قەوارە ناوەندیدا، لە لایەن بنکەی چاپەمەنی «ئاپێک»ەوە، لە ستۆکهۆڵم چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ٢٧٤ل.

*منالی ناو خوێن و ئاگر: کۆمەڵە هۆنراوەیەکی نوێی «سلیمان قاسمیانی» یە، بە ٥٤ لاپەڕەی ناوەندی، لە لایەن ئینتشاراتی کانوونی یارمەتی بۆ کوردستان-کۆڵن، چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

*کورتە مێژووی کورد و کوردستان: پەرتووکی خوێندنگەیە بۆ خوێندکارانی سەرەتایی و ناوەندی لە دەرەوەی کوردستان. لە لایەن «ئاسۆ گەرمیانی» و «ئامەد تیگریس»ەوە ئامادەکراوە و بنکەی چاپەمەنی «ئاپێک» چاپی کردووە و دەزگای خوێندنی بیانیان بۆ بابەتی فێرکردن، یارمەتی لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی داوە. ٩٧ل.

* «مستەفا بارزانی لە نێوان ئەفسانە و راستی»دا: کورتە وەڵامێکی (خالید خالید کۆچی)یە لەسەر کتێبەکەی (فازیل ئەلبەراک). لە لایەن بنکەی چاپەمەنی «ئاپێک»ەوە، لە ستۆکهۆڵم چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ل٥١.

*«List og tar»: «فرمێسک و هونەر»ی مامۆستا «گۆران»ە، Jön Fra Pälmholti لە سویدییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئیسلاندی.

*مام ڕێوی: بەشی دووهەمی کۆمەڵە چیرۆکێکی تایبەتە بە منالان، بە شێوەی هۆنراوە «پەشێو مەریوانی» ئامادەیکردووە و بنکەی سارا بۆ چاپکردن، بڵاویکردۆتەوە. ل٣٧.

*«وان. ژمارە ١ »: گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کوردە لە سوید و لە بەرگێکی جوان و قەشەنگی قەوارە گەورەدا، لەسەر ئەرکی نووسەران چاپ و بڵاوکراوەتەوە. «وان» گۆڤارێکی وەرزییە، بە زاراوەکانی کرمانجی سەرو، کرمانجی خواروو و دملی دەردەچێت. رووپەلەکانی تەرخانە بۆ بابەتی رۆشنبیری و ئەدەبی.

*«یەککگرتن»، یەککگرتن بە کۆمەڵێ وتاری تیۆری و رۆشنبیری و ئەدەبی، ژمارە چواردەی رازانۆتەوە، ئەم ژمارەیە ١٥١ رووپەلە و بە شێوەیەکی جوان و رێکوپێک دەرهێنراوە و بنکەی یەککگرتن بڵاویکردۆتەوە.

*«پەیڤ»: گۆڤارێکی وەرزیی رۆشنبیریی گشتییە، لە لایەن مەڵبەندی رۆشنبیریی کورد-لەندەن، چاپ و بڵاودەکرێتەوە، لەم ژمارەیەی دا بێجگە لە گەلێ بابەتی رۆشنبیری، بابەتی ئەدەبی و لێکۆڵینەوە بەرچاودەکەوەن. ل. ١٠٠.

*«رابوون. ژمارە ٣»: گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە، بە دەرهێنانێکی هونەری و لە بەرگێکی قەشەنگدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ١١٩ل.

*«پەرەنگ ژمارە ٦»: گۆڤارێکی رۆشنبیریی سیاسییە، لە ئەڵەمانیا چاپ و بڵاودەکرێتەوە. ٦٠ل.

*«خەرمانە ژمارە ٤»: گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبی رۆشنبیرییە، لاپەرەکانی تەرخانە بۆ لێکۆڵینەوە و بابەتی رۆشنبیریی و ئەدەبی، لە لایەن بنکەی خەرمانە»وە چاپ و بڵاودەکرێتەوە. ٥٩ل.

*«پێشەنگ»: گۆڤارێکی رامیاری و رۆشنبیرییە، راگەیاندنی ناوەندی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات. ژمارە٢١، ساڵی نۆیەم. ٥٨ل.

*«هەنگاو»: گۆڤارێکی گشتییە، لەلایەن «ماڵی کورد»ەوە لە دانمارک سەرپەرشتی لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی دەکرێت. بە هەردوو زاراوەی کرمانجی سەرو و خوارو دەردەچێت. ژمارە ١، ٢٤ل.

*«بارزان»: رۆژنامەیەکی گشتییە، لە ئەمەریکا دەردەچێت. تایبەتە بەدەنگوباس و بابەتی تری هەمەجۆر.

لەگەڵ سوپاسماندا بۆ نووسەرانی ئەو بەرهەمانە.

www.arsivakurdi.org

# Mihraban میهربان

کۆمەڵێکی ئافرەتان لە ١٩٩١/١٢/٥ لەبەشی ڕۆژهەلاتی ئەڵمانی لە ئافرەتانی بێگانە و ئەڵمان پێکهات. ئافرەتانی هەمە جۆرە و بیروباوەر و ئایینی و نەتەوەتیشی تێدا دەکەن.

* دەستەی بەرێوەبەرایەتی لە پێنج کەس پێکهاتووە سێی بێگانە و دوو ئافرەتی ئەڵمان، بێگانەکان یەکیان کوردە و یەکێک عەرەب و یەکێکیش ڤیتنامییە.

* پرۆگرامی ئەو کۆمەڵە- یارمەتیدانی ئافرەتانە بۆ:

- یارمەتیدانیان لە کارکردن.
- دۆزینەوەی خانو کە بە حەوارەیی تێیدا بژین.
- ئاسانکردنی چوونەبەر خوێندن.
- یارمەتیدانیان بۆ بەدەستهێنانی بلیتی پەنابەری و جێنشینی لای کاربەدەستان و پۆلیس.

* هەروەها بەسەرکردنەوەی کاروباری کۆمەڵایەتی و ئابووری ئافرەت و خێزان و ساوار دایکیەتی.

* ئەو کۆمەڵە ئامادەیە لەگەڵ هەموو کۆمەڵە ئافرەتەکانی ئەو وڵاتە هاوکاری بکا ئەگەر پەیڕەو و پرۆگرامی ئەو کۆمەڵە بە ڕاست و پەسەند بزانێ.

بۆ ئەوەی هاوکاری لەگەڵ ئەو کۆمەڵەدا بکەن، تکایە لەگەڵ ئەو دوو کەسانە و بەو ناونیشانانە پەیوەندی بکەن:

د. سامیە چاوشلی
F. Ebert - str. 10
Leipzig 0- 70 10
Deutschland

Benigna Carstens
christian str. 25
Leipzig 0- 70 10
Deutschland

## ڕۆژژمێری کوردستان ١٣٧١

کۆمیتەی هەرێمی چوارەمی باشووری سوێد، سەر بە فیدراسیۆن، ڕۆژمێرێکی زۆر قەشەنگی گیرفانی بۆ ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی ئامادە کردووە. لەو ڕۆژمێرەدا زووربەی ڕووداو و کارەساتەکانی کوردستان نووسراون و ١٤ وێنەی کەسایەتییە سیاسی و هونەرییەکانی تیایدا هەیە. ڕۆژمێرەکە بە جوانی ڕازاوەتەوە.

نرخی ئەو ڕۆژمێرە ١٠ کرۆنی سوێدییە.

بۆ کڕینی پێوەندی لەگەڵ ئەو ئادرێسەی خوارەوە بگرن:

Knektg. 11
58265 Linköping

## ئاگاداری

کۆمەڵەی هونەرمەندانی کورد لە سوید، لە ڕۆژی ١٩٩٢/١/١٢ دا، کۆنگرەی دووەمی خۆی بەست. لە کۆنگرەدا پێڕەو و پرۆگرامی کۆمەڵە پەسەندکرا و کۆمیتەی کارگێڕ هەڵبژێردرا.

کۆمیتەی کارگێڕ لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا بڕیاری دا، داوا لە هەموو هونەرمەند و هونەردۆستان بکات، کە هەر یەکێک بە پێی خواست و لێهاتوویی خۆی لەو بوارەی کاری تێدا دەکات، پێوەندی بە کۆمەڵەی هونەرمەندانەوە بکات.

کۆمەڵەی هونەرمەندانی کورد- سوید
Kurdiska Konstnär föreningen
c/o Kurdiska Riksförbundet
Box 490 90
100 28 STOCkholm



## هەواڵێک لە شاری سلێمانییەوە

کاتێک منداڵێک گوێی لە ٣ کەس دەبێت بە زمانی عەرەبی قسەدەکەن و دەچنە ناو کۆشکە ڕووخاوەکەی بارەگای ئەمنی جارانەوە، یەکسەر پێوەندی دەکات بە بارەگای پێشمەرگەوە و ئاگاداریان دەکات. ئەوانیش بە گورجی لەو کەسانەوە دەکۆڵنەوە، پاشان دەردەکەوێ کە هەرسێکیان موخابەراتی عێراقین و بەکاری سیخوری هاتوونەتە ناو شاری سلێمانییەوە.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ لە ئێستادا خەڵکی کوردستان، تەنانەت منداڵێتیش، زیاتر لە هەموو کاتێک هەست بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەکەن.

www.arsivakurdi.org

# لەگەڵ هونەرمەندی کورد
# مامۆستا
# «محەمەد حەمەسەعید حەسەن» دا

لە ماوەی سەردانم بۆ کوردستان لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١دا توانیم چاوم بە هونەرمەندی کورد مامۆستا محەمەد حەمەسەعید حەسەن بکەوێت و لەم چاوپێکەوتنەدا توانیمان هەندێ زانیاری وەربگرین دەربارەی هونەرمەندی ناوبراو:

ناوی (محەمەد حەمەسەعید حەسەن)ە.

- ساڵی ١٩٣٨ لە شاری هەڵەبجەی شەهید لە دایک بووە.

ئێستا لە شاری سلێمانی دەژی. پلەی خوێندنی دیپلۆمی لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدا لە ساڵی ١٩٦٠دا وەرگرت.

مامۆستای ناوبراو بە گەڵێ کاری هونەری جوان هەستاوە لەناو عێراق و دەرەوەیدا، بەڵام رۆژنامەنووسە عەرەبەکان لە رۆژنامەکانیاندا بە داخەوە بە ناوی هونەرمەندێکی عەرەبەوە باسی کارە هونەرییەکانیان کردووە.

ئەوەی شایەنی باسە ئەم هونەرمەندە خاوەنی بچووکترین پارچەی گڵێنە لە جیهاندا. هونەرمەند بە کاری (سیرامیک) خەریکە، کە بچووکترین گۆزەڵەیە کە لەسەر نوکی دەنکە شقارتەیەک داینراوە کە



بە بچووکترین کاری سیرامیک دەژمێردرێ لە جیهاندا. گرنگی ئەم کارە ئەوەیە کە ئەم گۆزە بچووکە دەبێ بە (زەرەبین) سەیربکرێت و ناوەکەی لە پێنج رەنگ پێکهاتووە. لە شێوەی هەندەسی و رەنگەکانیدا، هیچ جۆرە جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو گۆزانەی کە یەک لە دوای یەک گەورەتر دروستی کردووە و زۆربەی رۆژنامەگەری عەرەبی و جیهانی زۆر بایەخیان بەم کارە هونەرییە داوە.

- لە ساڵانی (٧١. ٧٢. ٧٣. ٧٩. ٨٥. ٨٧. ٩١)دا بەشداری پێشانگای هونەرمەندانی سلێمانی کردووە.
- لە ساڵی ١٩٧٤دا لە ڤستڤاڵی یەکەمی هونەری کوردی، لە بەغدا بەشداری کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ پێشانگای هەموو هونەرمەندانی کوردستانی، لە هەولێردا بەشداری کردووە.



- لە ساڵانی ١٩٨٨/١٩٨٩/١٩٩٠دا بەشداری لە ڤستڤاڵی جیهانی وردەکاری لە مونتلیمار- فەرەنسا کردووە.
- دروستکەری بچووکترین پارچەی (گڵێنە) لە جیهاندا.
- لە ساڵی ١٩٨٧دا پێشانگایەکی تایبەتی لە هۆڵی ڕەواق لە بەغدا ساز کردووە.
- هونەرمەند ئەندامی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستانە و ئەندامی یانەی وردەکاری فەرەنسایە لە پاریس.

هونەرمەند، لەو چاوپێکەوتنانەدا کە لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا لەگەڵی کراوە، دەربارەی کارەکانی و سەرهەڵدانی ئەم بوارە نوێیە لە هونەری شێوەکاریی کوردیدا، دەڵێت:

لە بارەی بەرهەمەکانییەوە: «ئەو بەرهەمە ووردانە بۆ یەکەم جار خولیایەک بوو. دواتر کە زانیم ڤیستیڤاڵی تایبەت بۆ ئیشی ووردەکاری هەیە، هەوڵمدا و پاش کۆششێکی زۆر گەیشتمە ئەنجامدانی ئەم قەوارەیە کە یەک ملیمێترە».

ئەم بەرهەمەی بچوکترین کارە لە جیهاندا.

لە بارەی هونەری گۆزەگەری کوردییەوە: «گەرچی ئەم هونەرە لە دێر زەمانەوە، بە خەڵکی ئاشنابووە و کورد لە ناوماڵدا بە شێوەیەکی ساکار و بە زۆری بەکاریهێناوە، بەڵام ئەمڕۆ بەکارهێنانەکەی بە جۆرێکی ترە و خەڵکی بە مەبەستی «جوانی» بەکاریدێنن. ئێستا شێوەی دروستکردنی پەرەیسەندووە و هونەرمەندانی ئەم بوارە کەمن».

لە بارەی گیروگرفتی هونەرمەندانی ئەم بوارەوە دەڵێت: «نەبوونی کەرەسە و شمەکی پێویستی ئەم هونەرە، وەک شووشە و ئامێرەکانی تر و ئەو گڵەی بەکاردەبرێت، هونەرمەندی ئەم بوارە ناچارە تەواوی کەرەسەکانی بۆ خۆی ئامادەبکات، یا لە دەرەوە بیان هێنێت».

ئەوەی شایانی باسە، چ رۆژنامە و گۆڤارەکانی نێوخۆی عێراق، چ رۆژنامە و گۆڤارە بیانییەکان لە دەرەوە، گرنگی تایبەتیان بە بەم هونەرمەندە داوە و کارەکانی بە ڕووداوێکی تایبەت و هەنگاوێکی پێشکەوتوو دادەنرێت، لە بواری هونەری ووردەکاریدا.

ئامادەکردنی
نەژادسەرگەن

www.arsivakurdi.org

لاینکەوە، لە لایەکی ترەوە، من نەمدەزانی کە رێکخراوێکی سوێدی ئەوتۆ هەیە کە مافی منداڵان دەپارێزێت و خەبات بۆ رزگارکردنیان دەکات R'dda Barnen بەڵام من ئەوەم لەو رێکخراوەیە بیست کە کۆنفرانسێکیان بۆ کێشەی کورد ئامادە کردووە و ئەنجامداوە، هەڵبەتە لە رۆژانی ١٥.١٦.١٧ی مانگی مارسی ١٩٩١ لە ستۆکهۆڵم. من بیرم بۆ ئەوە چوو ئەگەر رێکخراوێک بتوانێ کۆنفرانسێکی وا پێکبهێنێت، بێگومان دەشتوانێت هەوڵی پێشکەشکردنی «هەڵەبجە»ش بدات لە سوێد. من ئەم پێشنیارم کرد و ئەوانیش زۆر بە گەرمییەوە پێشوازییان، هەم لە خۆم و هەم سیمفۆنییەکەم کرد.

سەرەڕای ئەم هەموو باسانەش، هەموو دەزانن کە سیمفۆنیایەک بە ناوی (هەڵەبجە) لەدایک بووە و (ئیقبالی حاجی) دروستی کردووە وسەرەڕای ئەوەش هەموو دەزانین، کە تائێستا چەندین کۆنسێرتم لە ئەورووپادا پێشکەش کردووە. من ناتوانم بچمە لای یەک بە یەکی لایەنە سیاسییەکان و داوای یارمەتی و پشتگیرییان لێبکەم، ئەوان خۆیان هەموو باش دەزانن، نەک تەنها منم کە کاری وا دەکەم، بەڵکو گەلێک هونەرمەندی تریش هەن، کە دینامیزمی هونەری کوردیان لە باردا هەیە. هەڵبەتە ئەو هونەرمەندانە پشتگیریان دەوێت و بێجگە لەوەش ئەو هونەرمەندانە ئازادییان دەوێت، ئازادیەکی هونەرییان دەوێت. ئەوانە ناتوانن بکەونە ناو سنووری رێکخراوێکەوە. هاورێیانی رێکخراوەکان پێویستە کاری هونەری ئەو هونەرمەندانە بە خەباتی سیاسی ببینن. ئەو هونەرمەندانە ناخوازن هونەری بۆرژوازی پێشکەش بکەن. ئەگەریش بیانەوێ ئەوا ناتوانێ، هونەری بورژوازی زۆر زۆر پێشکەوتووە ئێمە پێی ناگەین. کورد کە لە کوردستانەوە هاتووە ناتوانێت بۆ نموونە: «رۆک موزیک» کاربکات. ئەو مەسەلەیە گرێدراوی مەسەلەی پێشکەوتنی قۆناغی کۆمەڵگەمانە و ئێمە زۆرمان ماوە، بەڵام هەرچی مەسەلەی موزیکی زانستییە و خوێندنی موزیکی زانستییە، گرێدراوی قۆناغی کۆمەڵایەتی نییە. مرۆڤ دەتوانێت کە بەشێوەیەکی زانستی موزیکی خۆی پێشکەش بە جیهان بکات، بەڵام ئەگەر بمانەوێت کە «پۆپ موزیک» یان «رۆک موزیک» پێشکەش بکەین، بە بڕوای من بە سەد ساڵیش ناگەینە رۆکی ئەورووپایی و بێجگە لەوەش زەمینەی کۆمەڵایەتی هۆش و خەیاڵی ئێمەش بۆ کاری وا نەکراوە، ئامادەش نیە قەبوڵی بکات.

لەبەر ئەوەی کە هەموو شتێک بە هۆی زانستەوە بەرێوە دەچێت، کە موزیکیش شتێکە لەو شتانە. لێرەدا لە ئەورووپا، لە پاش رێنیسانسەوە بایەخ و نرخێکی گەورەیان بۆ موزیکی زانستی داناوە و بە شێوەیەکی گشتی رێز و بایەخدان بۆ هەر شتێک هەیە لێرەدا و موزیکیش بەشێکە لەو چالاکییە مرۆڤایەتییە، بۆیە من ناچارم بۆ کارەکانم روو لە «ئەورووپایی»یەکان بنێم.

*** ئەو چالاکیە موزیکییە کوردییانەی کە لە ئەورووپا هەن، چۆن دەنرخێنێت؟**

– موزیکی کوردی لە چەند بواردا خۆی دەنوێنێ. یەکێک لە بەناوبانگترین و یەکێک لە چالاکترینی بوارەکان، موزیکی کلاسیکی کوردییە، واتە «فۆلکلۆرێک». ئەم بوارەش خۆی لە خۆیدا لە دوو بەش پێکدێت، کە یەکەمیان ئەو بەشەیە کە زۆر کۆنە و بە ئامێری کۆنیش خۆی دەنوێنێ، وەکو «بلوێر» و «زورنا» و «ساز» و «دەهۆڵ» و هتد.

بەشی دووەمیان ئەو بەشەیە کە بە هۆی هەندێک ئامێری مۆدێرنەوە خۆی دەنوێنێ.

چالاکییەکان لە باری کۆمەڵایەتییەوە باش بوون. هەندێک لە گۆرانیبێژەکانمان بەپێی توانای خۆیان هەوڵ و تەقەلایان داوە و دەشیدەن بۆ چاک و پوختەکردنی بەرهەمەکان، بەڵام چاوەڕوانی من لە مەسەلەکە چی بێت!؟. ئەوا ئەمن پێم وایە ئەمڕۆ لایەنی کلاسیکەکە بمانەوێ و نەمانەوێ جێگەی خۆی هەیە و تەمەنی خۆشی هەیە. هەرچی لایەنی ئەوەی کە دەبێت ئەو گۆرانییانە نوێ بکرێنەوە و مەسەلەی زانستی موزیک لەناویاندا رەنگ بداتەوە و هەروەها لایەنی «نوێ ژەنین»ی گۆرانیەکان، ئەمانە هەموو پێکرا لەناو ئەو بەرهەمانەدا بەدی ناکرێن. ئەمەش وەهام لێدەکات کە بڵێم لەلایەنی «مۆدێرنیزاسیۆن»ەوە زۆر لاوازن. هیوادارم هونەرمەندان ئەم تکایەم لێوەربگرن، کە تکام لەوان ئەوەیە لەهەر بۆنەیێکدا کە بۆیان دەلوێت خۆیان هونەرەکەیان بخەنە سەر شانۆ، تکام وایە کە بەرژەوەندی هونەری کوردی و کولتووری کوردی لەبەرچاو بگرن، نەک بەرژەوەندی کەسایەتی خۆیان!. هەروەها تکام لە رێکخراوە کوردییەکان هەیە (چ سیاسی و چ کولتووری). کە بە شێوەیەکی ئەوتۆ لەگەڵ هونەرمەندانی خۆیاندا رەفتار نەکەن، کە ببێتە هۆی ئەوەی هونەرمەندەکان روخساری هونەری خۆیان لەدەست بدەن و ببن بە «لۆتی»!. لە هەموو ئەو شەخسییەتە کوردییانەی کە ئیمرۆ لە گۆڕەپانی سیاسی و کولتووری کوردیدا کار دەکەن، تکا دەکەم کە رێزی هونەر و کارەکانی خۆیان بگرن و بە دیتنی خۆیاندا بچنەوە لە بواری هونەری و کولتووریدا. وا نەکەن کە لەتاو نانەسکەی خۆیاندا، بەرژەوەندی هونەری کوردی خۆیانیان لە بیر بکەن و بکەونە بیری سک و گیرفانیان!.

هەر چەندە کە ئەم شتانەم لەو بارەیەوە گوت، بەڵام دیسانەوە دەڵێم کە ئەمە کێشەیەکی زۆر گەورەیە، کە وای بۆ دەچم لە رووژەی دانیشتنێکی وادا نەبێت!.

من وای بۆ دەچم کە کارەکتاری کوردی بوونی کولتووری کوردی لەم ناوانەدا دەکەوێتە مەترسییەوە و ئەم مەسەلەش دوا رۆژێکی باش ناخاتە بەرچاو!



www.arsivakurdi.org

لە سویندا ئیمکانێکی فراوان هەیە. بۆیە منیش دوای ئەو مەسەلەیە کەوتووم و بێجگە لەوەیش پێشکەشکردنی سیمفۆنیای هەڵەبجە لە سوید مەسەلەیەکی گرنگە و منیش بۆ ئەم مەسەلەیە لەگەڵ R'dda Barnen† و ئۆرکێستری سیمفۆنی رادیۆ ستۆکهۆڵم قسەم کرد و ئەوانیش پێشنیارەکەی منیان بە دڵ بوو. ئێستا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن و بێجگە لەوەش هەندێک پێشنیارم لە بارەی سیمفۆنیاکەوە دایە «فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید»، چونکە ئەم مەسەلەیە، مەسەلەیەکی نوێیە.

*** بۆچی داخوازەکەت بۆ رێکخراوی R'dda Barnen بردووە و نەتبردۆتە بەر رێکخراوی سیاسی و کولتوورییەکانی کوردی؟**

- ئێمە هەموومان دەزانین کە مەسەلەیەکی وەک کانتات یان وەکو سیمفۆنیا، شتێکن گرانتر لەوەی کە دڵنیابین ئایا خەڵک لێی دەگەن یان نا.

من لە ساڵی ١٩٨٨دا کە خۆم بۆ کۆنسێرتی یەکەمم ئامادە دەکرد (لە شاری کۆڵن)، بۆ ئەو مەسەلەیە هاتمە ستۆکهۆڵم و لەگەڵ فیدراسیۆندا قسەم کرد ، من داوای یارمەتی و پشتگیریم لەوان کرد بەڵام وەڵامێکم نەبیست. هۆیەکەی تریش کەم دەرامەتییە. هەڵبەتە پێشتریش من لەگەڵ رێکخراوە کوردییەکان قسەم کردبوو و ئەوانیش یان ئیمکانیان نەبوو، یاخود هۆیەکەی هەرچی بێت پشتگیری ئەم مەسەلەیەیان نەکرد.

ئاشکرایە کە مۆزیکی زانستی دیاردەیەکی نوێیە، نەک تەنها لە کوردستاندا، بەڵکو لە رۆژهەڵاتی ناوەراستیشدا، بەڵام سەبارەت بە ئەورووپا بەو جۆرە نییە. کاتێ کە باسی مۆزیکی زانستی دەکرێت، ئەوا بە قەوارێکی فراوان و لە گۆشە بینینێکی بەربڵاوەوە دەکەوێتە بەرباس. کاتێ لەگەڵ مرۆڤێکی ئەورووپایی قسەدەکەیت - با مۆزیسیەنیش نەبێت - پێی بڵێی ئەوەتا من سیمفۆنیەکەم هەیە و نیازی پێشکەش کردنیم هەیە. بەرێزێکی زۆر تایبەتەوە لە مەسەلەکە دەڕوانێت. وەکو گوتم تەنانەت ئەگەر مۆزیسیەنیش نەبێت!

وەکو هەندێک کەسی کورد نین کەمن بۆخۆم چەندجار رووبەڕوویان بوومەتەوە. کە داخوازیەکی ئاوهایان لێیکەیت لە وەڵامدا دەڵێن: وەڵلا من لە شتی وا تێناگەم و پێم وایە کە خەڵکیش تێی ناگەن. وەڵامێکی وا وەڵامێکی «نا»یە بۆ ئەو داخوازییەی من دەیکەم.

کەواتە نرخاندنی مەسەلەی زانستی و پێشکەوتوو لەلای ئەورووپاییەکان زۆر بڵندترە تاکو لەلای کورد. بۆیە منیش لەگەڵیاندا قسەم کردووە و بەڵێنیان داوە دوای ئەو مەسەلەیە بکەون، واتە پرۆسێس کارکردن لەسەر سیمفۆنیاکە دەستپێکردووە. هەڵبەتە من هیوادارم رۆژێک دابێ کە لەلای ئێمەش گۆڕێک بەو کارانە بدرێت. هەڵبەتە نەک تەنها ئەو کارانە بەڵکو گەلێک دیاردەی پاشکەوتووش کە ئەمرۆکە لەناو کۆمەڵەکەماندا هەن و خەڵکی ئێمەی کوردیش بە زانین یان بەزانینەوە، لەجیاتی ئەوەی هەوڵی لەناوبردنیان بدەن، بۆ بەهێزکردنیان و جێگیرترکردنیان، هەڵدەستن.

کاتێکی هونەرمەندێکی کورد دەگاتە ئەورووپا، بێگومان هۆیەکی سیاسی پاڵی پێوەناوە کە دەرچێتە دەرەوە و هەروەها ئامانجێکی سیاسیشی هەیە، چونکە کارکردن بۆ کولتووری کوردیش، خۆی لە خۆیدا کارێکی تەواوکەرە بۆ کاری سیاسی ئەو هونەرمەندانەی کە ئەمرۆکە لە کوردستان دەردەپەرێندرێن. ئەوانە هونەریان بۆ هونەر ناوێت، بەڵکو هونەریان بۆ کۆمەڵگە و بۆ بەرژەوەندی نەتەوەی خۆیان دەوێ. بۆیە پێویستە کە ئەم مەسەلەیە زۆر بە قووڵی لەلایەن رێکخراوە سیاسیەکانەوە ببێتە هۆی تێگەیشتن و لێوردبوون. تا هونەرمەندی کورد دڵنیا بێت لەوەی کە رابەرەکانی لێی تێدەگەن و نرخ بۆ کارەکەی و ووزەکەی دادەنێن.

یەکێک لە ئامانجە گەورەکانی من ئەوەیە، کە رووی کولتووری کوردی بە شێوەیەکی زانستی نیشانی خەڵکی جیهان بدەم، کە ئەویش بەشێکی زۆر گرنگی خەباتی نەتەوەکەمانە، چونکە تەنها بەو کارە دەتوانین ناسنامەی نەتەوەیی خۆمان بخەینە بەرچاوی گەلانی تری جیهان.

ئێمە بەو کارانە ئیسباتی دەکەین کە کوردین و ئەمەش ناسنامەکەمانە. کوردبوونیش تەنها بە بڵاوکەرەوەیەکی سیاسی نابێت، بەڵکو دەبێت کولتووری خۆمان بە شێوەیەکی زانستی بەهێز و پێشکەش بکەین تاکو دونیا بزانێت کە کولتوورێکی وا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە. کولتوورێکی وا کۆن و مێژووین هەیە کە رایدەگەیەنێ گەلی کورد خاوەنی بناغەیەکی نەتەوایەتی رەسەنە و لەسەر ئەو بناغەیەشەوە بۆ ناساندنی خۆی راپەڕیوە و خەباتی بۆ چارەنووسی خۆی کردووە. ئەو زەروورەت و پێداویستییەی لەناو ئەم مەسەلەیەدا هەیە پێویستە کە رێکخراوە سیاسییە کوردییەکان بیزانن یاخود هەوڵی زانینی بدەن. مەبەستم ئەوەیە کە ئەو کارە دەبێت وەکو ئەرکێک بێت و هونەرمەندی خۆیان بپارێزن. ئاگایان لێ بێ و بە پیریەوە بچن. ئێستا خەباتی دیپلۆماتیکی کورد لە ئەورووپادا تەنها بە سیاسەتزانەکانمانەوە بەڕێوەناچێ، پێویستە کولتوور زانەکانیشمان رووی نەتەوایەتی- کورد- پیشان بدەن. ئەگەر رێکخراوە کوردییەکانمان بەکاری هاندان و یارمەتیدانی هونەرمەندانمان رانەبن، ئەوا هونەرمەندەکانمان پاسیڤ و سست دەبن و تەنانەت لە کۆمەڵگەی کوردەواریش دوور دەکەون. هەر ئێستاش بە دەیان هونەرمەندی زۆر چاکی کوردمان هەن، کە بە راستی جێی شانازین بۆ گەلەکەمان، بەڵام بە داخەوە کەس لێیان ناپرسێتەوە. ئەمە هەمووی لە

مۆزیکێکی زانستی لە لاپالیەوە بەدی ناکرێ!. لە ئەوروپادا هەموو ئەو ناوانەی کە بۆ جۆرەکانی مۆزیک دانراون هۆی تەنیا بە زانستیکردنی مۆزیکەکەیەتی. واتە هەموو ئەو شتانەی کە ئێستا لەسەریان دەدوێن و باسیان دەکەین، بە شێوەی مۆزیکی زانستی دادەنرێن. ئەو شتانەی کە لە کوردستانیشدا بوونیان هەیە، بە هۆی رێنەدانی دوژمنەوەیە کە ئەو شێوەیەی هەیە کە هەیەتی و پەرەی پێنەدراوە و بە زانست نەکراوە و دوژمن نەک تەنها رێی جوڵەی کولتووری نەداوین، بەڵکو رۆژ بە رۆژ هەوڵی بە عەرەب و تورک و فارسکردنمانی داوە و تەنیا شتێک کە ئێمەی راگرتووە و کولتوورەکەمانی پاراستووە، چیاکانی وڵاتەکەمانن!. لە کوردستاندا ئێمە ئیمکانی ئەوەمان نەبووە کە بتوانین وەکو ئەوروپاییەکان، چیرۆکە کۆمەڵایەتییەکانی خۆمان بزانستینین و سەرەنجام هەر لە دەنگی مرۆڤدا ماونەتەوە. جا هەموو ئیمکانێکی کورد ئەوەیە کە تەنها بە دەنگ واتە گەروو، چیرۆکی خۆی و هونەرەکەی بنوێنێ. بەلایەنی کەمەوە تاکو ئێستا هەر ئاوها بووە.



ئۆپێرەیەت، بە شێوە سەرەتاییەکەی ئەوەیە کە لە گوندەکاندا حەیرانی پێدەڵێن، بەڵام لە ئەوروپا بە شێوەیەکی زانستی تر و دەوڵەمەندتر هەر ئەو شتەیە کە پێیدەڵێن «ئۆپێرێت». جا ئۆپێرا شتێکی لەو بابەتەی گەورەترە، کە دەبێت قەوارەکەی لە چیرۆکی بچووک و بەسەرهاتی بچووک بەدەربێت و شێوەی داستان بەخۆیەوە دەگرێت، کە دەتوانم نموونەی لەسەر بهێنمەوە کە یەکێک لەوانە، *ئەڵبەتە بە بڕوای من* «کارەساتی قەڵای دم دم»، کە لە سەدەی شازدە حکومەتێکی بچووکی کوردی لەسەر «ئارارات» پێکهات و ئەوقەڵایە بۆ خەباتێکی درێژخایەن لە پێناوی سەربەخۆی گەلی کورد دا بوو بە سیمبۆلی خۆڕاگری گەلی کورد و خۆنواندنیان کە هێرشی «سەفەوی»یەکانەوە لەناوچوو.

من کارەساتی «قەڵای دم دم»، دەبینم کە دەبێ کاری لەسەر بکرێت. نموونەیەکی تریش رۆمانی «مەم و زین»ـە کە خۆی لە قەدەری شاکارەکانی شەکسپیر دەدات و ئەمڕۆکە لە ئەوروپادا بەو جۆرەی دەنرخێنن. هەڵبەتە رۆمانی «مەم و زین»م بەدەستەوەیە وەکو ئۆپێرا و دیارە من پێش ئەوەی بچمە شاخ، لەسەر «گوڵی خوێناوی» مامۆستا گۆران کارم دەکرد و لە چیاشدا هەر بەردەوام بووم لەسەری، بەڵام بەداخەوە لە ئەنجامی هێرشێکی دوژمندا بۆسەر ئەو گوندەی کە تێیدابووین نەمتوانی لەگیانی خۆمان زیاتر شتێکی تر دەرکەم و رزگاری کەم. لەسەری چیاکانەوە چاومان لێبوو کە سەربازەکانی دوژمن هەموو کار و کەرەستەکانیان لە نێوەراستی گوندەکەدا ئاگردا. جا بەو جۆرە ئۆپێرای «گوڵی خوێناوی»م لە کیس چوو. هیوادارم رۆژێکی وا بێتەوە دیسان لە سەر«گوڵی خوێناوی» کاربکەم، بەڵام من پێم وایە وەکو ئەوەی کە نووسیبووم دەرنەچێت!

هەر قۆناغێک شتی تایبەتی خۆی لەگەڵ دایە. منیش لەو قۆناغەدا گوڵی خوێناویم لەگەڵدا بوو، بەڵام من گوڵی خوێناویم ونکرد. لەسەر چیرۆکی «شیرین و فەرهاد» کاردەکەم. چەند ئۆپێرایەکم بە دەستەوەن کە هیوادارم تەمەن یارمەتی ئەنجامدانیان بدات و بتوانم پێشکەش بارەگای پێشکەوتنخوازی گەلی کوردی بکەم.

وەکی دی دوو سیمفۆنیای تر لە پرۆگرامی مندایە کە دەبێ لە دوارۆژدا کاریان لەسەر بکەم. دیارە ئێستا ناتوانم ناویان بڵێم، چونکە هێشتا دەستم پێنەکردوون. لە پاشانیش هەندێک گۆرانی کۆن هەنە کە لە باری مۆزیکەوە لەسەر پەیژەی دەوڵەمەند دانراون، ئەو پەیژە دەوڵەمەندانە لە باری کولتووری و ناوچەییدا زۆر دەوڵەمەن، بەڵام لەباری زانستییەوە دەبێت برازێنرێنەوە. جا دیارە دەمەوێ لەسەر ئەوانەش کار بکەم و ئەوانیش ببن بە کانتات و جێی خۆیان بگرنەوە. ئەوەندەم لەمێشکدایە کە لە سەریان کار بکەم.

*** هۆی هاتنت بۆ سوێد هونەرییە یاخود کۆمەڵایەتییە؟**

- وەکو پێشتریش گوتم هیوام ئەوەیە سیمفۆنیای هەڵەبجە لە شارە جیاجیاکانی ئەوروپادا پێشکەش بکرێت. بۆ ئەم کارەش،

www.arsivakurd.org

کردنەکەی بە بارەگای زانستی موزیک لە جیهاندا و هەروەها پیشکەشکردنی بە بارەگای نەتەوەکەم. هەوڵدانەکەم ئەوە بووە کە دەرگایەک بۆ بە زانستیکردنی موزیکی کوردی بکەمەوە.

ئیمە تەنها لە رێگای زانستەوە دەتوانین خۆمان لە هەمبەر ئەو نەتەوانەدا بنوێنین کە ژێردەستیانین، (جا لە هەر بوارێکدا بێت)، دیارە من لە بواری کولتووریدا موزیکم هەڵبژاردوە. موزیکی زانستی خۆی لە خۆی دا پێویستە بۆ نەتەوەکەمان و بێجگە لەوەش ئەوە خەباتێکی رەتنەکراوەیە لە هەمبەر ئەو دەوڵەتانەی کە ئیمە کەوتووینەتە بندەستیان و رێگە لە زانست گرتنیشیان کارێکی بێهودەیە. زانست شتێکە کە لە یاد و هۆشی و مێشکی مێژوودا جێگر دەبێت.

بەهەرحاڵ، یەکەم چالاکی ئەوەبوو، دواتر من لەسەر ئەو گۆرانیە فۆلکلۆرییە کوردیانەی وەکو لاوک و حەیران و کەلام و بەیتەکان کارم کردووە، جگە لەوەش کارم لەسەر هەندێ گۆرانی کردووە بۆ هەندێک لەو گۆرانیبێژانەی ئەمڕۆ بەناوبانگن، بەڵام ئەوەی کە بۆخۆم شتێکی گرنگ بێت و لەسەر خۆمی حیسابکەم و سەرفرازی پێوەبکەم، کەڤوکێ و ئەو کارانەن کە لە ئەورووپا ئەنجامم داون.

لە ساڵی ١٩٨٥ەوە دەستمکرد بە هەڵبژاردنی چەند گۆرانییەک لە ناوچەی (لوڕ- سۆران- کرمانج)، بە فۆرمی کانتات نووسیمنەوە و ئەم کارەش تا ساڵی ١٩٨٨ درێژەی کێشا و منیش بۆ ئەوەی کە موزیکی کوردی بگەیەنمە بارەگای موزیکی زانستی جیهانی، هەڵسام بە ئامادەکردنی پێشکەشکردن و لەو کاتەدا ڕووبەڕووی رەوشێکی زۆرناخۆش بووم لە بواری ئیکۆنۆمیدا، چونکە هیچ لایەنێکی رامیاری و نارامیاری یارمەتیان نەدام، بەڵام من هەر سوور بووم لەسەر پێشکەشکردنەکە و کردیشم و ئەوەبوو ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ ئۆرکستری سیمفۆنیێکی شاری «دوسلدۆرف» لە ئەڵماندا و هەروەها لەگەڵ دەستەی «کۆر»ی ئۆپێرای «دوسلدرۆف» توانیم شەش کانتات لە سالۆنی وەرزش شاری «کۆڵن» لە ئەڵمانیا کە سالۆنێکی زۆر گەورەیە پێشکەش بکەم، هەروەکو پێشتر باسم کرد، ئەم کارەم بەپێی پشتیوانی ئۆرگانیزاسیونە کوردییەکان ئەنجامدا و تەنانەت لە کاتی پێشکەشکردنیشدا بەو ئەندازەیەی کە من چاوەڕوانی بووم، پێشوازی لێنەکرا. بە هەرحاڵ لەوانەیە هۆی ئەوە بوو بێت، کە ئەم کارانە وەکو دیاردەیەک لەناو کۆمەڵی سیاسی کوردیدا هێشتا هەبوونی خۆی نەبوو و بگرە ئاگاشیان لە گرنگی و نرخی ئەو کارانە نەبوو. دوای لە دایکبوونی سیمفۆنیای «هەڵەبجە» لە ساڵی ١٩٩٠ کە لە «فرانکفۆرت» پێشکەش کرا. ئیتر هیوادارم سیاسییە کوردەکان هیچ بەهانەیەکیان بۆ هان نەدان و پشتگیری نەکردن لە هونەرمەندە کوردەکان نەمابێ.

لە ساڵی ١٩٨٨دا کە ئەو کانتاتانە پێشکەش کران، من توانیم جێی خۆم لەناو موزیک زانانی پارچەیەکی ئەورووپادا، بکەمەوە.

لە ساڵی ١٩٨٨دا کارەساتی هەڵەبجە روویدا، هەڵبەتە ئەو کارەساتە تەزی گەیاندە گیانی هەموو مرۆڤێکی ڕووی زەمین و دیارە لەپێش هەموو کەسێکەوە، کوردەکان و لەپێش کوردەکانیشەوە هونەرمەندە کوردەکان دەبوایە لە کارەساتی هەڵەبجەدا خۆی بنوێنن.

دیارە منیش لە کۆری ئەو هونەرمەندانە بەدەر نەبووم. هەڵەبجە مێشکی منی بەکارهێنا و دەستمی خستە جوڵە، کاتێ هەڵەبجەم دەنووسییەوە، بۆ خۆشم نەمدەزانی چی دەنووسمەوە!.

ئەوەی هەستم بوو دەمنووسییەوە. جا لە نیوەی کارەکەدا، بۆم دەرکەوت کە ئەم کارە مەزنترە لە کانتاتێک، مەزنترە لە کاپریسیۆیەک، تەنانەت لە پارچەیەکی مۆسیقاش. دەکرا بە شێوەی ئۆپێرایەکی گەورە دەرکەوێتە دەرەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە چیرۆکی ئەم کارەساتە، چیرۆکێکی کۆنی میللی مێژوویی نەبوو، جا بۆیە بە شێوەی سیمفۆنی دەرکەوتە دەرەوە.

دیارە لایەنی تەکنیکی سیمفۆنی، پارچەیەکی موزیکە کە دەبێت لە بڵندترین ئاستی تەکنیکی موزیکدا دابنرێت. من پێم وایە ئەو شتە خۆبەخۆ هات، ئەمن نووسیم و ئەویش بە سیمفۆنی دەرچوو. سیمفۆنییەکەش دیارە پێشتر ناوی خۆی بە خۆی هەڵبژاردبوو و بوو بە هەڵەبجە.

ئەو کاتەش کە تەواو بوو، بۆ پێشکەشکردنەکەشی ئەو سەختییەم بەرێ دانەهات وەکو پێشکەشکردنی ئەو کۆنسێرتانەی پێشووم. هەندێک لە رێکخراوە ئەڵمانییەکان ئەوەیان بەستۆ گرت کە پێشکەش بکەن. وەکو دەزانن خەرجی پێشکەشکردنی سیمفۆنییەکە زۆر زۆر بوو، ئەوە بە تاکەکەس و رێکخراو نەدەکرا. جا بۆیە ئەڵمانەکان بە ئەستۆیان گرت و لە ئەنجامدا پێشکەش کرا. دیارە ئەو کارە تاکو ئێستا، بە لووتکەی سەرکەوتنی هونەری خۆمی دادەنێم و ئێستاش سەرقاڵی ئەوەم کە هەڵەبجە لە چەند وڵاتێکی تری ئەورپادا پێشکەش بکرێ.

*** پرۆژەی داهاتووت چییە؟**

– ئەمن زۆر لە مێژە، لەسەر چەند ئۆپێرایەک کار دەکەم. دیارە ئۆپێراش یەکێکە لەو دیاردانەی، کە تاکو ئێستا لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا زۆر بە لاوازی باسی لێکراوە و زۆر بە کەمی لێی دواون. ئەنجامیش دەبێتە هۆی بە لاوازی تێگەیشتنی دیاردەکە. هەر تا ئێستا ئەو کەسەی لە گوندێکی خۆماندا حەیرانێک لەسەر «خەج و سیامەند» دەڵێت، ئەوە بۆخۆی ئۆپیرێتێکە. ئەوە لە موزیکی زانستیدا پێیدەڵێن ئۆپێرێت، بەڵام ئەو کەموکورییەی (حەیران) لە بەرامبەر «ئۆپێریەت» دا هەیەتی ئەوەیە، کە

www.arsivakurdi.org

# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کۆمپۆسیتۆر
# «ئیقبالی حاجبی»

## ئامادەکردن: هیوا زەندی

- ١٢٨ پرۆفیسۆر لە هەموو دونیاوە هاتنە تەماشاکردن.
- ٢ کەس لە هۆلیۆدەوە
- شەخسییەتە کوردییەکان بەداخەوە وەکو هەمیشە هیچیان دیار نەبوو

*** پرسیار: تکایە خۆت بناسێنە؟**

- وەڵام: دیارە زۆر سوپاستان ئەکەم بۆ ئەو چاوپێکەوتنە، جێی ڕێز و نرخاندێکی زۆرە کە من ئەورۆ لە بارەگای ئێوەدا دانیشتووم و لێکۆڵینەوەێک هەیە بۆ رادیۆی کوردەکان لە سوێد لەسەر مەسەلەی موزیک و کێشەی موزیک، باسی دەکەین. ناوی من «ئیقباڵ»ە و پاشناویشم «حاجی»یە و نازناوی هونەریشم «ئاهوبەر»ە. من لە شاری «سنە»، کە یەکێک لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، هاتوومەتە دونیاوە، دیارە هەر لە ساڵانی سەرەتای ژیانمەوە، واتە لە تەمەنی حەوت هەشت ساڵانەوە، حەزم لە موزیک بووە و لەوانەیە هۆی ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە هونەری موزیک لە شاری «سنە» دا زۆر کۆنە.

هەروەکو زانراوە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، (یا لە ساڵانی ١٩١٨وە) شاری «سنە» لە بواری گۆرانی و موزیکەوە تاکو ئێستاش، خاوەن بەرهەم بووە. ئیدی منیش بە هۆی ئەو بارودۆخەوە بەرەو بواری موزیک هەنگاوم هەڵێنا.

لە شاری «سنە»دا خوێندنی سەرەتای و ناوەندی و ئامادەییم تەواوکرد. شان بە شانی خوێندنی خوێندگەش خەریکی کاری فێربوونی موزیک بووم و دوای ئەویش ڕێگەی «تاران»م گرتەبەر ئەویش هەر بۆ بەردەوامبوونی خوێندن لە بواری موزیکدا. چونکە خوێندنی باڵا لە بواری موزیکدا لە شاری «تاران» دا بوو و توانیم ئەو خوێندنەشی تەواوکەم. پاشان بۆ پەرەپێدانی ئەو خوێندنە بەرەو ئەورووپا هەڵکشام، بەڵام بەهۆی شۆڕشی ئێران و سەرهەڵدانی کوردان، نەمتوانی هەتا سەر بیبەم، بۆیە گەڕامەوە و بەشداریم لەو شۆڕشەدا کرد و تاکو ساڵی ١٩٨٤ لەناو شۆڕشی کورد دا بووم لە چیا. ئالە و ساڵەدا ئیتر کەوتمە هەلومەرجێکی ئەوتۆ کە دیسانەوە خوێندنی موسیقایەکەم سەری هەڵدایەوە و ئیتر ئەوەبوو کە بە ناڵەبارییەکی زۆر و هەڵکێش هەڵکێشێکی زۆرتر، ئاخر و ئاقیبەتی توانیم خۆم بگەێنمە ئەورووپا و دیسان ژیانێکی هونەری و دەستپێکێکی نوێ پێکهێنم.

لێرەشدا تاکو ساڵی ١٩٨٦ مەسەلەی جێگربوونمان درێژەی کێشا، جا لەوە و دوا خوێندنی موزیکم دەستپێکردەوە و تاکو ئێستاش ئەو خوێندنە درێژەی هەیە و شان بە شانی خوێندنەکەشم دیسانەوە خەباتی هونەریم بەردەوام بووە.

*** کاک ئیقباڵ چەند ساڵ دەبێت کە لەوڵاتی ئاڵمان پەنابەریت؟**

- ئەوە بۆ حەوت ساڵ دەچێت. ساڵی ١٩٨٤ هاتمە فەرەنسا و لە فەرەنساوە پێمخۆش بوو کە لە ئەڵماندا کاری موزیکم دەستپێبکەم، جا بۆیە هەڵسام و هاتمە ئاڵمان و لە سەرەتای ١٩٨٥ەوە تائێستا هەر لە ئاڵمانم.

*** چالاکییەکانی ئەم ماوەی شەش ساڵی پەنابەریت چی بوون؟**

- دەتوانم چالاکییەکان بکەم بە دووبەش و باسیان بکەم. یەک لەوانە، کارکردن لەسەر زانستی موزیکی کوردییە. (بە واتەیەکی تر بە زانست رازاندنەوە و پێشکەشکردنی موزیکی کوردییە لە سەر شانۆی جیهانی.) ئەوەی تر چالاکییەکانی کۆنن (واتە ئەو چالاکیانەی سەردەمی پێش هاتنی ئەم جارەی ئەورووپام)، کە دەتوانم بە موزیکی کلاسیکی کوردی ناویان بەرم. کە لە وڵات بووم دەربازکردنی ئەزمونی زانکۆی «تاران» سیمی سیمفۆنێکم دروست کرد لەسەر گۆرانی «کەڤۆکێ»، دیارە ئەوە بۆخۆی پرۆسە و چیرۆکێکی من بوو بۆ زانستیکردنی موزیکی کوردی و پێشکەش

www.arsivakurdi.org

لامان، که ئەوسا بارەگایەکەمان لە خانووەکەی حاجی مامەی کۆیی دا بوو.

لەو ماوەیەی کە لە قەلادزێ بووم، جارجار چاوم بە هەژار دەکەوت، بەڵام دوای داگیرکردنەوەی قەلادزێ لە لایەن هێزەکانی میرییەوە دیسان لێکدابڕاین.

لە هاوینی ١٩٦٦ دا، لە دەرگەڵە دەژیام و کاریشم هەر لەو ناوە بوو. رۆژێک کاک *وئەنوەر عبدالله دڵسۆز*ەی دۆستم هاتە لام و دوای رۆژێک لەسەر خواست و پێداگرتنی *(دڵسۆز)* بە یەکەوە چووینە گوندی *(سۆرەبان)* کە دەکەوێتە نزیک گوندی *(قەسرێ)* لە رۆژئاوای ژووروری گەلاڵە وەیە. ئەوسا چاپخانە نهێنییەکەی (خەبات) لەوێ بوو، هەژار سەرپەرشتیدەکرد، چەند رۆژێک لەوێ و لە *(وەڵزێ)*مان رابوارد. هەژار رای وابوو کە لە نووسینی شیعرا کێشی کورتی کوردانەی حەوت و هەشت برگەیی بەکاربهێنین. بۆ ئەمرۆ باشترە لە کێش درێژی عەروزی هەروەها تا دەتوانین خۆمان لە شیعری پڕ لە رەمز و تەمومژاوی بەدووربگرین.

جارێکی دی لە کۆڕی خەباتا، لە بەغدا، دوای دەرچوونی بەیاننامە بەناوبانگەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لەگەڵ هەژارا بەیەکگەیشتینەوە، ئەو لە لایەن سەرکردایەتی حزبی دیموکراتی کوردستان و بارزانییەوە رێکخستن و سەرپەرشتیکردنی یەکێتیی نووسەرانی پێسپێردرابوو، کە رژێمی بەعس لە رۆژی ١٠ی شوباتی ١٩٧٠ دا وەک پێشەکییەک بۆ مۆرکردنی بەیانی ١١ی ئادار دانی بە بوونی ئەو یەکێتییەدا نابوو.

ئەمنیش لە لایەن برادەرانی خۆمانەوە ئەرکی بەشداری و چالاکی نواندنی ناو ئەو یەکێتییەم خرابووە سەرشان. جا ئەوەبوو لە رۆژی ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٧٠ دا یەکەم کۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانی کوردی سەر بە عێراق لە هۆڵی خولدی بەغدا بەسترا و لە کۆتایی رۆژی دووەم، ٢٣ی حوزەیران دا بە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەر کۆتایی هات، هەژار و دکتۆر عزالدین و کاکە حەمەی مەلا کەریم و دکتۆر مارف خەزنەدار و دکتۆر ئیحسان فوئاد، شوکور مستەفا و هەردی و ئەحمەد غەفور و ئەز و کاک جەلال دەباغ و چەند ئەدیبێکی دی کە ژمارەمان ١٧ شاعیر و نووسەر بوو، بە ئەندامانی یەکەم دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەرانی کوردی عێراق دەرچووین و لە یەکەم کۆبوونەوەماندا هەژارمان بە سەرۆک هەڵبژارد.

ماوەی چەند مانگێک بە یەکەوە کارمانکرد. لە پاشان بۆ دەورەیەکی رۆشنبیری، لە ناوەڕاستی ئۆکتۆبەری ١٩٧٠ دا لە رێی سنووری عێراق و سوریاوە، بە نهێنی بۆ دەرەوەی وڵات چووم و دوای ساڵێک هەر بە هەمان رێدا گەڕامەوە، بۆیە بە لەش نەک بە هۆش، ئەو ساڵە لە یەکێتییەکە دابڕام.

هەوالانی بەڕێزا

حاجی قادر ووتەنی:

مەرگ و ژین مثلی سێبەر و تاوە

ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە!!

بێگومان، زوو یان درەنگ، رۆژێک هەردێ کە فەرشی ژیانی خۆمانی تیا بپێچینەوە و ماڵئاوایی لە ژیان و جیهانی رووناک بکەین، تەنیا ئەو کەسە نەمرە کە ناو و شوێنەواری دەمێنێ و خێرێکی بۆ خەڵک و خاکەکەی خۆی دەبێ.

عبدالرەحمان شەرەفکەندیش، هەرچەند بە ناو هەژار بوو، بەڵام بە ناوەرۆک دەوڵەمەند و دارابوو. ئەو بەرهەمانەی کە بۆ ئێمە و نەوەی دوارۆژی کوردی بەجێهێشتوون، بەرهەمی بە پیت و پێزن، تا کورد مابێ، کە دەمێنێ، ئەویش دەمێنێ.

شیعری هەژار سەرکەوتووە، شوێنی تایبەتی خۆی لە ئەدەبی کوردیدا گرتووە و دەگرێ. بە لای منەوە چڵە پۆپەی شیعرەکانی، ئەو برە شیعرەیە کە (بەرەو موکریانی) داناوە و تیایا پەیڕەوی بەهاری یەکەی *حاجی قادر* و نامە شیعرییەکەی *نالی* کردووە، کە بۆ سالمی ساحبقرانی دۆستی ناردووە.

هەژار لەو برە شیعرەیدا، (بەرەو موکریان) بە توندی، بە قەو لە ژێی کەمانچەی عاتیفە و دلۆڤانیی مرۆی کورد دەدا، کە چەندە دەربەستی خۆشویستنی خاک و نیشتمانەکەیەتی.

نووسینەکان و فەرهەنگی *«هەمبانە بۆرینە»*کەشی، زۆرباش و بەجێن، بەتایبەتی وەرگێڕانەکەی *«شەرەفنامە»*ی کارێکی زۆر بە سوود و پیرۆزە و شاکارێکە بێهاوتا. تەنانەت کاک *مەسعودی جەلیزادە*یش، کە زانایەکی زرنگ و زەینروونێکی هەڵکەوتووە، فرە رای لە وەرگێڕانەکەیە و زۆر پەسنیداوە و پەسەندیکردووە.

ئەزیش هەمان بۆچوونم هەیە. جگە لەوە نەبێ کە زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی نابێ بە زۆرەملێ درووستبکرێ. واتا نابێ بێین هەموو دایلەکت و زاراوە کوردییەکان، بە جۆرێکی میکانیکی تێکەڵبکەین و زمانی یەکگرتووی لێپێکبهێنین. زمانی یەکگرتوو دەبێ لە رەوتی مێژوو دا پێکبێ. بە لای منەوە جوانترین پەخشانی کوردی ئەوەیە کە وەک دەنکە مرواری، لە نووکی قەڵەمی هێمنی نەمرەوە، هەڵوەریوە و بۆمان بەجێماوە، لەگەڵ نووسینەکانی شوکور مستەفا و ئیبراهیم ئەحمەد و شێرکۆ و هەژاریش، ئەمە جگە لە پەخشانی گەلێک لە کوردی نووسی قەڵەم رەنگینی بە دەسەڵات.

ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە هەژار تا لەسەر عەرد بوو رۆژی رزگاری کورد و کوردستانی بە چاو نەدی، هەرچەند بێگومانم کە ئەویش وەک ئێمە باوەڕی تەواوی هەبوو کە بەر لە تەواوبوونی ئەم سەدەی بیستەمە، کوردیش بە هەندێ لە ئاواتە پیرۆزەکانی خۆی دەگا.

لە کۆتاییدا دەڵێم:

ئەمری و هەر هەمان بۆ بیرەوەری هەژاری موکریان.

پرسە و سەرەخۆشیم بۆ خانەوادەی هەژار و بۆ ئەدیبانی کوردستان.

ستۆکهۆڵم ٢/٣/١٩٩١

# لەگەڵ (هەژار)دا

ئەحمەد دڵزار

**ئەم ووتەیە لە رۆژی ١٩٩١/٣/٣، کە رێکەوتی چلەمین رۆژی کۆچی دوایی هەژارە و لە لایەن یەکێتیی نووسەرانەوە رێکخرابوو خوێنرایەوە.**

لە ساڵی (١٩٤٥) ەوە (هەژار)م وەک شاعیرێکی خوێنگەرمی کوردپەروەر، لەسەر رووپەرەکانی بڵاوکراوەکانی (ژ.ک) و لە پاشان لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی کوردستان، ناسیووە. هەروەها لە ساڵی ١٩٤٦ دا بوو کۆمەڵە شیعرەکەی ئاڵەکۆکی هەژارم دەسکەوت. هێمن و هەژار دوولاوی شاعیری کۆمارە کۆرپەکەی کوردستان بوون و زۆر لە پێشەوا قازی محەمەدی شەهیدەوە نزیکبوون و وێنەیان لەگەڵ قازیدا بڵاوکرابۆوە.

دوای کەوتنی کۆمارە کۆرپەکەی کوردستان، هەژار روودەکاتە عێراق و لە پاشان دەچێتە وڵاتی شورەوی و ماوەیەکیش لە ناو کوردەکانی سوریا لە گوندی (ترپەسیپان) لە ماڵی حەسەنی حاجو ئاغا دەبێ. ئێستا کاربەدەستانی سوریا ناوی (ترپەسیپانیان) کردۆتە (قحطانیە) و خۆم لە ناوەڕاستی مانگی ئاداری ١٩٨٤ دا بە ناویدا رۆیشتووم.

هەژار لەوێ شارەزاییکی باش لە زاری کرمانجیدا پەیدادەکا و مەم و زینە بەناوبانگەکەی ئەحمەدی خانی وەردەگێڕێتە سەر شێوەی موکریانی و لە پاشان هەمیسان دەگەڕێتەوە عێراق.

دوای سەرکەوتنی شۆرشی چواردەی تەموز، لە هاوینی ساڵی ١٩٥٩ دا بوو کە هەوەڵجار لە ستودیۆی غەفوری برای جەلال نەجیبی بێتووشی چاوم بە هەژار کەوت و غەفور بە یەکتری ناساندین، کە هەژاریش هەر لەوێ کاری دەکرد.

ئەوساش وەک ئێستا، هەر رەق و وشک و زار و زراو بووم، بۆیە هەوەڵ قسەی هەژار ئەوەبوو گوتی:(کاک دڵزار شیعرەکانت تەڕن، بەڵام بۆ بە لەش وا رەق و وشکی؟؟ باش بخۆ! باش بشۆ!).

لە پاییزی ساڵی ١٩٦٠ دا نەک هەر رێ، جێشم کەوتە بەغدا. بوومە نووسەرێکی رۆژنامەی ئازادی وەک مامۆستا گۆران و کاکە حەمەی مەلا کەریم و حەمە کەریم فتح الله و چیرۆکنووسی لاو حسێن عارف. جا لەگەڵ مامۆستای هەرگیز لە یادنەکردوومدا، لەگەڵ گۆرانی گەورەدا، لە باڵەخانەی خانوویەکی بەرز و سپیدا، لە شەقامی شێخ عومەر دەژیاین، کە مامۆستا (کۆشکی سپی) پێدەگووت.

ئێوارەیەک مامۆستا گۆران هاتەوە و گوتی: هەژار سەلامت لێدەکا و دەڵێ دێمە خزمەتتان!!

بێگومان لە رووی مهرەبانی و خۆ بەبچووکزانینەوە گووتبووی دێمە خزمەتتان. لەراستییدا زۆرمان پێخۆشبوو بێتە لامان، بەڵام رێکنەکەوت و نەهات.

هەژارم تا ئێوارەی رۆژی ١٩٦٣/٣/١٨ نەدیتەوە. ئەوێ ئێوارێ لە نزیک یانەی فەرمانبەرانی کۆیە تووشی بووم و چاک و چۆنیم لەگەڵ کرد، بەڵام هەژار نەکرایەوە. دیاربوو زۆر سەرقاڵبوو. بڕیار وابوو بۆ رۆژی دوایی مەلا مستەفای بارزانی کە لە (قولەی کانی ماران)ی بێتوین بوو، بێتە کۆیە و وەفدی هەموو لایێکی کوردستانیش، هەندێ هاتبوون و هەندێکیش بەرێوەبوون، کە لە کۆیە مەلا مستەفا ببینن و کۆنگرەیەک بگرن و نەورۆزی ساڵی ١٩٦٣یش هەر لە کۆیە بکەن.

ئەوە بوو بارزانیش رۆژی ٣/١٩ لەگەڵ پێشمەرگەیەکی زۆر بە ئۆتۆموبیل گەیشتنە کۆیە. باری سیاسی ئەوسا بۆ ئێمە لەبارنەبوو، بۆیە شەوان لە ماڵی خۆماندا نەدەنووستم، جا ئەوە بوو شەوی ١٩-٢٠ی ئادار، کە بە نهێنی لە ماڵی برادەرێک، لە گەرەکی *سەرباغی* کۆیە دا بووم، ژمارەیەکی زۆر لە پۆلیسی ئاشکرا و نهێنی هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکەمان و هیچیان دەستگیرنابێ، بۆ یە بەیانی *«ئازاد»*ی کوڕم کە ئەوسا تەمەنی (١٦) ساڵان بوو ، هاتە لام و ئاگاداریکردم کە بە شوێنمدا دەگەڕێن.

هێشتا هەر ئێوارەیەکی زوو بوو، لەگەڵ هاوڕێی شەهیدم مام نادری سمایلە خڕە و کاک عومەری عەلی مامە شێخە، کە هەر ئەو رۆژە گەیشتبووە کۆیە، بە نزیک بناری زنجیرە کێوەکەی هەیبەسوڵتاندا بەرەو *(کەڵکەسماق)* کەوتینە رێ. دیمەنی ئاگرە گەورەکانی نەورۆز لەسەر لووتکەکانی باواجی و هەیبەسوڵتاندا زۆر جوان و بەرجەستە و بڵێسەداربوون.

بە درێژایی شەو رۆیشتین و بە چواردە سەعاتێک گەیشتینە کەڵکەسماق، کە برادەران و هێزێکی رەمزی چەکداری ئێمەی لێ بوو، کاکە حەمەی مامە رەزا و برایەکانی زۆر مەردانە هاوکارمان بوون.

لە هاوینی ساڵی ١٩٦٥ دا ، لە شاری قەڵادزێ گیرسامەوە، لەوێدا رۆژێک لە چایخانەکەی سەید وەسیم، هەژار و نافیز جەلالم بەدیکردن و چوومە لایان. هەروەها دوای چەند رۆژێک هەژار و کاک ئەحمەد حەمەدەمینی دزەیی و چەند پێشمەرگەیەک بە میوانی هاتنە

## گوڵ

له نێو دڵما،  گوڵی ئاڵی خەم  دەڕوێت و
له نێو دڵتا،  گوڵاڵەی بەرد.
***ڕوو بە کام دڵیان وەرگێڕم!؟***

ڕێژنەبارانی ئازارە، خونچە سپییەکانی
دڵ ڕەش و دەریای ئەوین
لیخن ئەکا و
نەرمە بارانی دڵی تۆش،
بە بیابانی گریانا ئەپرژێنێ.
***سەر بە کام بارانیان، سەودایم***
***بە چ عەشقێ بسپێرم!؟***

نە دەستی تۆ دەگاتە
هەواری دڵ و
نە گوڵباخی جوانیی تۆ
بە دەستی من.
***لقی کام گوڵیان بشکێنم!؟***

تا پێکەوە بە باڵای شەوا هەڵزنێین.
بۆ سەر گۆڕە تەنگەکەی ژین،
چەپکێ تریفە داگرین.

خەبات عارف
١٤-٢-١٩٩٢

## چاڵ

کە چاو دەبڕمە هە ردوو کۆڵەکەی پێیەکانم
لەم بەرزاییە ڕا
بەرۆکی خۆمم وەکو چاڵێ دێتە بەرچاو.
گەر کەسێ نەبێ نەختێ بۆی بدوێم
سەرم دەخەمە ئا ئەم چاڵەوە:
تا تێر هاوارکەم
یان پێبکەنم
یاخود نا بگریم.

***سیاسەت و مێژووش کەیفی خۆیانە!***

١٩٩١/٥/٣

## پاڕانەوە

بەیانیە و خەریکە دەڕۆییت.
داوات لێ ناکەم
لە پرێسکەی دڵتا
بمشاریتەوە.
چونکە دەمێکە
ئەو پەناگایەش
دەپشکنرێ.
بمکە بە کل، لە چاوانم کە
تا تێر بتبینم!
تا تێر ببینی!!

بەرۆژ ئاکرەیی
٩٠/٣/١٥

www.arsivakurdi.org

دەکەن... *بە قامچی سەر لە دووی یەکتر دەنێن...)* دەمێکی گەورە، کەڵبە شۆڕ بۆتەوە بەم لاو ئەولای چەناگەیدا؛ بێ سمێڵ؛ ڕیشێکی زۆر؛ پرچێکی کورت و لەش مواوی و لەو لاشەوە باڵدار. کە کەمێ هۆشی هاتەوەبەر هەستی دەکرد شتەکان یەکسەر بەر پێتی دەکەون و هیچی لەبەردا نییە. باڵدارەکەش بە ئارەزووی خۆی یادی پێدەکرد. ماوەیەک وامایەوە لە ناکاو ڕاوەشێنرا. خۆی لەناو خەڵکێکی ڕووتی وەک خۆیدا گرتەوە. خەڵکەکە هەموو ریزیان گرتبوو. نەیدەزانی ئەم ریزگرتنە بۆچییە. حەزیشی لەوە نەبوو بپرسێ. کەسیش قسەی نەدەکرد. *(ئینجا، ئەوان بەپێی دەنگەکانی سروشت سەمایان دەکرد...)* وزەکان، وشەکان، خەیاڵەکان بە سادەیی و یەکسانی خۆیان دەکوتایە مێشکی. هەموویان بە یەکەوە بیریان دەکردەوە، دەجوولانەوە. سەری ریزەکەش دیار نەبوو. لەناو تەمدا بزر ببوو. لە بانیژەکانی هەر شەش شاخەکەش ریزی ژن و پیاو دابەزیبوون. هەموویان بۆ یەک چەق دەچوون. لە هیچ نەدەگەیشت. تەنیا ئەوەندەی ئاگا لە خۆ بوو، پێکەنینێکی بە لەززەت دەیگرت و بای تێدەکەوت و لەناو شەهوەتا سەمای دەکرد. بیری لەسەر دونیا دەکردەوە، ڕۆژەکانی ئەوێی بە درێژایی تەمەن یەکە یەکە دەهاتنەوە یاد. پەشیمان دەبۆوە. هەر کە خەم دایدەگرت، خەریک بوو گەرم دەبوو. دەکەوتەوە ناو هەمان لەززەت و خۆشییەوە. جارێکی دیکە خۆی لە بیردەکردەوە. دەزگیرانەکەی لە تەنیشتەوە بوو، بێزی لێدەکردەوە. (ئەم پێستە ئەبڵەقە، ئەم ڕوخسارە بەرەکە چییە هەتە! پێیەکانت بۆ ئەمەندە درێژن! سکت بۆ شۆڕبۆتەوە! برژانگەکانت لە زەوی دەخشێن! قژت بۆ ئەوەندە کورتە... لەگەڵ ئەوەش ناتوانم بگەڕێمەوە!) سەر سوڕاندن و نیگا گێڕان و چاوەڕێ کردن بۆ ماوەیەک پیشەی بوو *(دیارە دەزگیرانەکەم، تەنیا سێبەرێکی گرببوو......!)*. دەیویست بزانێ چی لەم چەقە هەیە، گیانی خۆی تێهاوێ و بگاتە قوڵایی نهێنییەکان. هەر ئەوەندەی خەیاڵی کەوتە سەر ئامانجی ریزگرتنەکە وردە وردە گوێی لە هاوار و فیغان دەبوو، کە لە گۆڕەپانە سەر بە تەم گیراوەکەی ناوەڕاستەوە دەهات. خەڵکەکەی پێشی دەست و پەلیان دەهاویشت، خۆیان بۆ دواوەکێش دەکرد و هەندێ جاریش بە شەوقەوە خۆیان ڕەپێش دەکرد، یەک پێشی یەکی دەگرتەوە. وەک ئەوەی هێزێکی بێ پایان ڕایانکێشێ، بە کۆمەڵ دەکەوتنە ناو گۆڕەپانەکە. لە ناوەڕاست سەکۆیەکی گەورەی، کەمێ بەرز هەبوو. بنی سوور دەچۆوە. پۆلیە ئاگرەکانی، هەریەکەی بە قەد سەری گایەک دەبوون. لەم بەروو ئەو بەر، دوو باڵدار بە دوو فووکەر ئاگرەکەیان خۆش دەکرد. لە سەرەوەش باڵدارێکی گەورەی زل باڵی دابوەوە. پەراسووەکانی بە ئاشکرا دیار بوون. سکی ئەتووت گومبەتێکە قیت بۆتەوە. دەمی وەک چاڵێکی ڕێک، هەردەم کراوە. دە باڵداری دیکەی خولاّم لەمبەر و ئەوبەر سەرادووی ژن و پیاوەکانیان دەنا، دەیانگرتن، دەیانخستە سەرپێلیان و بۆ سەر سەکۆکەی فڕێدەدان. لەوێنەوە بە ئاسانی دەکەوتنە بەر چنگی باڵدارە گەورە پاڵ کەوتووەکە. یەک یەک، هەر ڕۆژە لە بەیانییەوە تا ئێوارە تا بزربوونی دوا تاڵە تیشکی خۆر، هەموویانی دەخوارد. دەیکرۆشتن. دوای ماوەیەک تفی دەکردنەوە ودەری دەهاویشتنەوە. لەگەڵ بای هەناوی بە حەوا دەکەوتن. وەکو خۆیان دەکەوتنە پێدەشتە سەوزەکەی دەوروبەری سەکۆکە. وەک پەپوولە بە ئەسپایی لەسەر سەوزە گیاکە دەنیشتن. هەستیان بە ئاسایش و حەوانەوەیەکی لەڕادەبەدەر دەکرد. لە هیچ لایەکەوە دەنگ نەدەهات.

پێش ئەوەی بیگرن و بکەوێتە بەر چنگی باڵدارەکەی سەرسەکۆکە. هەستی دەستی دەکرد دەپلیقێتەوە، دەجووڕێ؛ وردوخاش دەکرێ؛ لوول دەدرێ، بە کولاّنەیەکی درێژ، وەک پارویەکی هاڕراو دەچێتە خوارێ... بوون یەکسان بوو بە نەبوون... لەو دیو خەیاڵەوە دەهاتەوە، تەنیا ئەو کاتە بە ئاگاهاتەوە کە کەوتە حەواو بایەکی فێنک بەر لەشی کەوت و موچرکی بە لەشی داهات. بە هێمنی، زۆر بە ئارامی، وەک گەلاّیەک کەوتە سەر گیا سەوزەکە. ئاسودەیی و دەنگی بەختەوەری خەڵکەکە دەهاتە گوێی و دەتریقانەوە. هەڵدەچوون، بایان تێدەکەوت؛ بە یەکەوە شەهوەتیان لەبەر دەڕۆیشت؛ سیمبولەکانیان هەڵدەوەشاندەوە؛ دەگریان؛ خەو دەیانیبردەوە. بیریان لە جیهانی سەرەوە دەکردەوە. دایکیان، باوکیان، خزم و کەس و کار و کۆلاّنەکانی خۆیانیان بیردەهاتەوە، ڕەزە سەوزەکان. باڵندەکان... وێنەکانیان، بە پێش چاویان تێپدەپەڕین. حەسرەتیان لێ هەڵدەستا. پەژارەیەکی ترسناک دەیبردنەوە. کە هەستیان دەکرد ناتوانن بگەڕێنەوە، لوولدان و جوینەکانیان بە بیر دەهاتەوە. بێزیان لە خۆیان دەکردەوە.

*(چۆن جارێکی دیکە بگەڕێینەوە ناو دەشتە پڕوشەلاّنیەکان، سێبەری تەپکەشاخەکان، لێواری دەریاکان، سێبەری فێنکی هاوینی گەرم، بە کۆمەڵ دانیشتن و گێڕانەوەی ئەفسانە......!)* لەو دەمەوە وەک هێزێکی دژ بە هەست و ڕووانینیان. دەکەوتنەوە ناو هەمان لەززەت و خۆشی بێ پایان. با و شەهوەتێکی زۆر تەتارەی دەکرد و بەلەنجە بە بەردەمیاندا ڕەت دەبوو. مۆزیکایەکی هێمن، دەنگی جاز، جازە زەردە بریقەدارەکان، سەرادووی یەکتریان دەنا. لەبەردەمیان سەمایان دەکرد. موچرکەی وایان دەگرت هەفتەیەک درێژ. حەزیان دەکرد بێننەوە. *(بیرێ ڕابردوو، ئای کۆلاّنەکان چەند پیسن، مرۆڤەکان ناشرینن، چڵکنن، ددانەکانیان گڕ، پێستیان دڕ و ڕەنگاوڕەنگ، کەچەڵ، چاودەرپۆقیوو. لێوار دەریاکان بۆگەنیان کردووە. سێبەرەکان هەمیشە کەلاّکەیەکی لێیە. ئای لە ژیانی سەرەوە، سەوزەگیاکان بۆنی سیریان لێ دێت...)* هەستیان بە پێستی خۆیان و ئەوانیدی دەکرد، خەویان لێدەکەوت. خەونێکی پڕ، بەیانی هەمان بازنەی پەشیمانی و بەختەوەریان دروست دەکردەوە.

پاریس/ ١٩٩١



www.arsivakurdi.org

گازی لە خەیاڵی دەگیراو، تووشی ئەستەمی تەخمین و تەخمین و تێڕامان ببوو. خاڵێک بوو هەردوو سەری رابردوو و داهاتووی دەهێناوەیەک. هەنسکی دەداو، مزتەکە و فریشتەکان تابلۆی گوناهەکانی بۆ دەخوێنندەوە و ڕوخساری ئیبلیسیان پیشان دەدا، خوا پەنجەی لەنێو چاوی ڕادەکرد و گلێنەکەی دەردەهێنا. بەسەرە پەنجە پیرۆزە خەناوییەکانی ڕایدەگرت و دەمێک تێدەڕوانی و لە بەرامبەری مۆلەق دەبوو. دوایش تووڕی هەڵدەدا بۆ کۆترەکانی دەورووبەری، کە چینەکردنیان تەنیا لەناو گلێنەکاندا بوو.

هەر ئەوەندەی زانی کۆترێک لەسەر شانەکانی نیشتەوە، خاو بۆوە و وردە وردە ئارەقەکەی نەما. پشیەکی پێداهاتەوە. دەستی کردە لەمپەر بۆ چاوەکانی. لەبەر رووناکی سەلکە بزۆتەکە، دەرگایەکی گەورەی بزمارڕێژی سەرخڕ سەرخڕی بینی. حەپەسا. ئەوەندە دوور نەبوو لێی. دەیتوانی نووسراوی سەر دەرگاکە بخوێنێتەوە کە بە خەتێکی بزماری لێی نووسرابوو. کۆترەکە هەڵفڕی لەسەر گزشەیەکی تابلۆکە نیشتەوە *(هەرکەسێ بێتە ژوورەوە گەڕانەوەی نییە، هاوکات پەشیمانە و بەختەوەریشە...!)* کە دەگەڕێتەوە ناو پێستی خۆی، تەنیا بیر لەو تاریکییە دەکاتەوە. نازانێ چۆن خۆی لەم دوودڵییە رزگاربکات. خەیاڵ لەم دیو دەکاتەوە، کەچی واقی لە خۆی وڕدەمێنێ و قەڕمان دەیگرێ و هیچ جووڵەیەکی پێ ناکرێت. دەرگاش ئەوەندەی دیکە بۆخۆی رادەکێشێ. بۆ دیتنی ئەودیوو دەشلەژێ، موچڕکی پێدادێت. خۆش، ئازاردەر. دەزگیرانەکەی دێتەوە یادخەم دایدەگرێت. بڕیاردەدا بگەڕێتەوە، تا لای ئەو گیرنەبێت. هەتا دونیا ماوە ئەو نهێنییەش بۆ کەس نەگێڕێتەوە. *(ئەو کاتە پیر بووم، ئەوەی هێز بوو تیامدا نەبوو. چاوە سپی واژیەکانی ئەو کچە چاردە ساڵیە، هەڵەتەی بن ئەو کانیەی کردم؛ کە دار هەنارێکی لە کەنار ڕووا بوو. بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە تەمەنی چواردە ساڵان، دەبوایە بچمە ناو کانیەکە و لە مارە زلەکەی ناویشی نەترسم و سێ هەناران بگرمەوە. کە خۆم لە ئاو هەڵکێشا، لەگەڵ گرتنی هەناری سێیەم؛ ئەو مارە خۆی لە قەدم ئاڵاند و زۆرانبازی لەگەڵ کردم؛ دەبوایە نەترسم، دەبوایە نەترسم؛ کە پێکەنیم مارەکە بزر بوو. بوومەوە چواردە ساڵان. کە گەڕامەوە لای کچە چاو سپی واژیەکە، بینیم پیر بوو؛ پیربوو؛ کەزیەکانی سپی......)*.

بە سەرە پەنجەیەک، بە ڕاڕاییەکی زۆرەوە دەرگاکەی پاڵنا. بە جیڕە و هەرایەکی زۆر کرایەوە. هێشتا لە دەرگاکە ئاودیوو نەببوو، وێنەی دەشتە پووشەڵانیەکە، جوانییە گوم بووەکان دەهاتنەوە یادی *(ئەبێ چ جوانی و ناشرینی و لەززەت و کارەساتێک لەو دیوەوە هەبێت......)* کە لە دەرگاکە تێپەڕی، ئاوڕێکی دایەوە تەواو پێوەداربووەوە. *(بۆ گوێم لە جیڕە جیڕ نەبۆوە...؟)* تەمەچڕەکە سەری لێدەشێوێنێ نازانێ بۆ کوێ بچێت و چۆن بڕوات...؟ *(نابە هیچ شێوەیەک پەشیمان نیم.. کە گەڕامەوەش کڵاوی پووشین دەچنم..)*.

لەو بێدەنگییە قورسە تەنیا گوێی لە ئیشکردنی مێشکی و ترپەی دڵی دەبوو. *(ماوەیەکە هەنگاوم هەڵێناوە... بارگە و بنەم داناوە... رۆژەکانیش کەوتنە سەریەک... کاروانێکن لە بیابانی رابردوودا...!)*. هیچی نەدەبینی، هەستیشی دەکرد لەسەر شوێنێکە، گەلێک راستە و ڕێک دەڕوات. لەگەڵ چوونە پێشەوە وردە وردە بەرچاوی رووناکتر دەبۆوە، بۆنی گژوگیا و مرۆڤ و زەوی تەڕدەهات. لەو سەرەوە لە کونێکی گەورە گلۆزە تیشکێکی زێڕین خۆی دەکوتایە ژووری. سووچەکانی خەیاڵی هاتنەوە یەک و هەستی دەکرد لە کونیە. دوای ڕاهاتن لەگەڵ رووناکیەکە، سەیری دەورووبەری خۆی کرد. سەرەتا تەنیا ئاسمانێکی شین و پەڵە هەوری، لەم لاو ئەولای دەبینی. جێگاکە لە کونە ئەشکەوتێکی بەرینی قەدی چیایەکی بڵند، کە سەری گەیشتبوە ناو هەور زیاتر نەبوو. لە بەردەمی نیشانەی ( ) کێشرابوو. رووی لە قاڵدرمەیە باریک بوو. کەمێ چووەپێشەوە. سەیرێکی کرد، شۆڕ ببۆوە. لە زۆر جێگا هەور شارد بوویەوە و بەینی دیار نەبوو. بە ترسێکی زۆرەوە پێی لەسەر یەکەم پایە دانا، کەچی دوای ماوەیەک رۆیشتن، هەستی دەکرد هیچ ئازار و توانەیەکی وا خەرج ناکات لە دابەزین. ڕێک و ڕاست، ڕووی لە هەور و بۆشاییەکە، پشتیشی لە قادرمە و چیاکە بوو. دەڕۆشت. وەک ئەوەی ڕێگایەکی زۆر درێژی بەبێ ئاگایی بڕیبێت، لە خەودا بوو بێت؛ هەر ئەوەندەی زانی ئیتر ناتوانێ چیدی بڕوات. هەموو لایەکی تەم تومان و تاریک بوو. حەزی بەوە دەکرد هێشتاش بڕوات، کەچی پێیەکانی لە دوای نەدەهاتن. کە دونیا کەمێ رووناک بۆوە، هەر چوار دەورەی لێڕەوار بوو. تەنیا ئەو دەمە گوێی لە هاژەی ئاو بوو، دەنگی یەک دوو چۆلەکە هاتن، لوورەیەکی هاتە گوێ، وێنەی دەمی گورگێکی بینی لمووزی لە حەوا بوو. شەش شاخی بەرزی قیتی لە شێوەی قوچەکێکی شێواودا دەبینی. لە قەدیشیان بانیژەی گەورە گەورە هەبوون. کەمێک دواتر پڕ لە ژن و پیاوی ڕووت و قووت بوون. هاوار و فیغان، ناوەناو چەپڵەکوتان، نووزە نووز، لوورە لوور، فیشە فیش و تریقانەوەی بە هێزی دەهاتە گوێ. چاوی بەر پێی خۆی نەدەبینی، چەندی دەکرد و هەوڵی دەدا سەرخوارکاتەوە. بێ سوود بوو. هەر ئەوەندەی زانی یەکێک پەلی گرت و خستیە سەرشانی خۆی. پەلەقاژەی دەکرد و خۆی ڕادەپسکاند. هەموو هەوڵەکان بێهوودە بوون. دەستی لە پرچی کابرا گیر دەکرد، رایدەکێشا، کەچی زۆر بە ئاسانی لەناو لەپی دەخزی و بۆی نەدەگیرا. قنچێکی کەوتە بەردەست. خورپە کەوتە دڵی. رایدەکێشا، کەچی قنچەکە لەناو لەپی دەردەهات. قنچەکە وای لێکرد سەیری روخساری کابرا بکات. کە بینی زراوی چوو. کابرا کاژەلاکێکی درێژ و لاکێشەیی هەبوو، *(ئینجا... ئەو بیری لە وەسفی شەیتان دەکردەوە لەناو کتێبە پیرۆزەکاندا... ژیانی بە تەرازوو دەپێوا، رۆژەکانی دەژمارد...... سەیری منداڵەکانی دەکرد لە کۆڵان یاری بە پارچە مانگێک*

www.arsivakurdi.org

کورتە چیرۆک

# سەرزەمینی دوور

نووسینی: موحسین ئەحمەد عومەر

گوڵی حاجیلەکانی دەشتی هاموون

نەکەی بیدەی بە نەرگسجاڕی گەردوون

حاجی قادری کۆیی

وردە وردە لە پێدەشتە پووشەڵانیەکە دەڕۆیشت و سەرنجی ناوەوەی خۆی دەدا و بەم لاو ئەولادا دەیڕوانی. لە پووشەڵان و بنەتەرک و تەپکە شاخەکانی ئەوسەر وردەبۆوە. کە سەیری ئەو ناوە کاکی بە کاکیەی دەکرد، پێشبینی ئەوەی دەکرد بتوانێ ئەم جوانییە گوم بووە بگرێ و شتێکی پێبڵێ. ختووکەی دەهاتێ و حەزی دەکرد هەمیشە لەناو دیەنی وادا خۆی بدۆزێتەوە. هەروەکو ئیمڕۆ بێ گوێ ڕایەڵی ئەقڵ پێی لەو دیو دەرگایماڵەوە دانا و بەلێوار بەردە درێژ و کانیە وەستاوەکاندا، کە بۆ ئەستێرە ناسینەوە لەو ناوە قیتکرابوونەوە، کە بە لای ئەوەوە لە پێشانگایەک دەچوو، تێپەڕی. دیەنی خۆڵی سوور بۆخۆی ڕایدەکێشا. هەوڵی ئەوەی دەدا مێژووی ئادەمیزاد بنووسێ، نهێنیەکان بخاتە ناو کتێبەکان و لە کونی ئەشکەوتەکاندا بیانشارێتەوە. کە سەرنجی لاپەڕەی کتێبەکانی دڵیدا، تەنیا قسەکانی داپیرەی بیر هاتەوە *(گەمیەکە کە لەسەر ئاو دەلەنگیەوە، هەرچی بوونەوەری دونیایە لە خۆی گرتبوو. هەموویان تێک ئالابوون و کەفی سپی و ئازاری ڕەشیان لەبەر دەڕۆیی. فریشتەکان بە سەریاندا هاتوو چۆیان بوو. هەر کامەیەکیان بزابایە تۆماریان دەکرد و کراسێکی سپیان دەدایێ و کراسەکان لە حەوا ئەتووت پەپوولەی سپی و گەورەن بە ئەسپایی دەکەوتنە سەر ڕوخساریان، ختووکەیان دەهاتێ و گەرم دادەهاتن. شەراب و نانیان بۆ فڕێدەدان)*. تەپکە شاخەکان لە دوورەوە ڕەش دەچوونەوە، ئەتووت دێوی باڵدارن خەریکە دەفڕن. چەند بەرەوپێشەوە دەڕۆشت، زەویەکە بەرزتر دەبۆوە. بای ساردی بە بناگوێ دەکەوت. زەویەکەش شەق شەق و کون کون دەهاتە بەرچاو، پووشەڵانیەکە شاشتر دەبوو. خۆڵەکە سوورایی نەدەما و بۆر خۆی نیشان دەدا. *(دەبێ بۆ لەم دەمەدا ئەو مۆم-ە بێتە خەیاڵم...؟)*. دیەنەکان لە نائاشنایی خۆیان، کە نەیدەتوانی تێیان بگات شاگەشکەن دەکرد. (گەلێک جاریش لە ئاست شکۆمەندی ئەو هەڵچوونە دەگمەنەی کە ڕەگەزەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ تیشکی خۆر و سوورایی خۆڵ و سەوزەگیا و پووش و پەڵاش و سێبەرە ڕەشەکان، خەریک بووە لە خۆ بچێت. کە بە ئاگاش هاتۆتەوە، هەستی بە ئاسوودەییەکی بێپایان کردووە). لەبن یەکێ لە تەپکەشاخەکان، خزیە بەر سێبەرەکە. ماوەیەک وەستا. وەک بڵێی بە دوای سەرەنجامێک بگەڕێت و مانایەک بداتە ئاوارەیی خۆی. *(ئەبێ ئێستا لە کوێ بم. ئەی ئەو ئەبێ ئێستا لە کوێ بێت...؟)* بە سەرەپێ یاری بە خۆڵەکە دەکرد و زیاتر بۆ بنەبان هەڵکشا. کونێکی گەورەی لە چەشنی دەمە ئەشکەوتێکیدا بینی. خۆڵەپۆک نیوەی شاردبۆوە. هەمیسان بە سەرەپێ لەگەڵ هەمان فڕینی ئاگایی یاری بە خۆڵەکە دەکرد. یەکەم پایەی قاڵدرمەیەکی بەردڕێژ وەدەرکەوت. پێیەکەی تری هاویشت، نغرۆ بوو. هێدی هێدی خۆڵەکەی لادا. پایە لە دوای پایە دەردەکەوتن و یەکە بە یەکە بەسەریدا شۆڕ دەبۆوە و هەنگاوی بەرەو قوڵایی دەنا. هەتا دەهات تاریکتر دەبوو و شوێنەکەش فراوانتر. هەستی دەکرد بە ئاسانی دەڕوات و هیچ کۆسپێکی لە پێش نییە. تاوە ڕۆیشتنێکی دیکە، ڕووناکیەکی کزی لێ دەرکەوت و نزیکتر بۆوە. سەلکە بۆزێنک لە دەلاقەیەکی بچکۆلە داگیرسێنرابوو. بە ئاستەم دەوروبەری خۆی دەبینی خەیاڵی بۆ هەموو شتێک و بۆ هیچیش نەدەچوو. ئەقڵ وەک کەڤری چەمەکان لەگەڵ یەکەم تاوەباران توایەوە و هیچ هەڵتۆقینێکی لە زەوییەکەدا نەما. خۆی لەناو مەنجەڵێکی گەورە دەهاتە بەرچاو، کولاوە و خێو و جنۆکەکان هەریەکە، باسکێک، لاڕانێک، لاپەراسوێکی دەفڕێنن.



www.arsivakurdi.org

# پرۆتۆکۆلی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ گەلی کورد

گەلی کورد میراتگری شارستانیە رەسەنەکەی میدیەکانە و یەکێکە لە گەلە هەرە گەورەکانی جیهان، کە تا ئەمڕۆ دان بە ناسنامە



Marzabotto 25 aprile 1991: la delegazione del popolo curdo, dopo il gemellaggio con la città martire di Halabja, rende omaggio al Sacrario dei Caduti.

نەتەوەییەکەیدا دانەنراوە. نەتەوەیەکی بێکەس و بێدەرە، رووبەرووی ئازار و ستەمێکی گەلێ گەورە بۆتەوە و لە مەرگەساتێکی هەرە گەورەی مێژووییدا دەژی.

دوای دابەشکردنە ناعادیلانەکەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، (٢٥) ملیۆن مرۆڤ لە نێوان تورکیا، عێراق، ئێران، سوریا و یەکێتیی سۆڤیەت، پەرش و بڵاوبوونەتەوە گشت بەڵێن و پەیمانە نووسراوەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد، کە لە پەیمانی سیڤەردا دانپێدانرابوو، هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان هەڵیانوەشاندەوە.

لەم (٧٠) ساڵەی ئەم دواییدا، کوردەکان دووچاری جۆرە داگیرکردنێکی سیاسی و فەرهەنگی بوون، کە داگیرکەران بەردەوام بۆ سڕینەوەی ناسنامە فەرهەنگی و نەتەوەییەکەی بە گشت شێوەیەک هەوڵ و کۆششیان بۆ داوە.

ئەم چارەنووسە تراژیدییانە تووشی گەلێکی رەسەن بوون، کە گەیشتۆتە رادەی ئەوەی مافی مرۆڤایەتیشیان لێ ئینکار بکرێت. ئەم گەلە لەبەر خواستی نەتەوەیی خۆی بۆتە قوربانی سیاسەتی داپڵۆسین، بەندکردن، جەزرەبەردان، بە کۆمەڵ کوشتن، راگواستن و خاپوورکردنی هەزاران هەزار دێهات و شارەکانی. تەنانەت پیسترین شێوەی قەڵاچۆلکردنی بە کۆمەڵ لە دژی بەکارهاتوون. لەم ساڵانەی دواییدا زۆربەی حکومەتە دیکتاتۆرییەکان کە سەرکردایەتی ئەو وڵاتانەیان بەدەستەوەیە کە حوکمی کوردستان دەکەن، بێ بەزەییانە کەوتنە گیانی ئەم گەلە. رژێمی عێراق بە فرۆکەکانی گەیشتە لووتکەی بێ رەحمی و تەدەرئاسا کەوتە قەڵاچۆکردنی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە بە گازی ژەهراوی، کە ئەمەش مەرگەساتە دڵتەزێنەکانی (مارزەبۆتۆ، ستانیسی، ئابۆڤیز، کراکۆیڤا، لیدیزی)

مان دەخاتەوە یاد و یەکێکە لە مەرگەساتە هەرە گەورەکانی مێژوو.

بۆ رێزلێنان لە وەفدی کوردی کە بۆ ئیمزاکردنی ئەم بەڵگەنامەی دۆستایەتی و هاوکارییە لەگەڵ گەلی ئیتالیا ئەرکی کێشابوو، ئامادە بوبوو. دەمانەوێ بە نوێنەری شاری هەڵەبجەی خۆشکی (مارزەبۆتۆ) رابگەیەنین کە ئیتر لەمڕۆوە هەڵەبجە لەبری هەزاران گوند و شاری کوردنشین، ئەندامێتی عادیلانەی خۆی لە یەکێتی جیهانی بۆ شارەکانی ئاشتی وەردەگرێ، بۆ ئەوەی بێتە رێزی خەبات و تێکۆشان لە پێناوی جیهانێکی ئاسوودە و سەربەخۆ لە گشت شێوەکانی توند رۆیی. لە کۆمەڵەی ئیتالیا دوای چاوپێکەوتنێک بە وەفدی کورد لە (مۆنتی سۆلی) سەرەتا مەڵبەندی خەباتی شۆرشگێرانە دژ بە نازییەت و فاشییەت، کە بە بۆنەی (٤٦)هەمین ساڵرۆژی ئازادی ئیتالیا سازکرا. داوا لە باڵاترین دەسەڵاتی حکومەتی ئیتالیا کرا وەک سکرتارییەتی پارتە دیموکراتیخوازەکان، کۆمەڵەی

www.arsivakurd.org

گەلەکەماندان و ئازادن.

لە مەڕ دەستدرێژی ئەم دواییەی تورکیاشەوە بۆ سەر باشووری کوردستان و هەڵوێستی دەوڵەتانەوە رایگەیاند کە: ئێستا تورکیا بە بیناوی ئەوەی کە پارێزگاری لە سنوورەکانی خۆی دەکات، بەردەوامە لە دەستدرێژی خۆیدا بۆ سەر گەلەکەمان و ئاکامی ئەو دەستدرێژیەش، ماڵوێرانکردن و پەرەوازەکردنی خەڵکی ئاسایی و کوردەکانی سەرسنوور و نزیک سنوورە. دەبینین، لە کاتێکا زۆر لە دەوڵەتان کەوتوونەتە نارەزایی دەربڕین بەرانبەر بەو کارانەی تورکیا، کەچی واپێدەچێت سوید رێی بێدەنگی و خۆمتکردنی هەڵبژاردبێت!!

بەڵگەشی بۆ ئەمە، راگەیاندنی ئەم دواییەی وەزیری دەرەوەی سوید «*مارگرێتا ئاف ئوگلاس*» بوو دەربارەی هەڵبژاردنی گشتی لە تورکیا:

«*مارگریتا ئاف ئوگلاس*» لە راگەیاندنێکدا دەڵێت: «لەبەر ئەوەی لە تورکیا بە بەراورد لەگەڵ عێراق، هەڵبژاردنی گشتی مافێکی رەوایە و پارتە سیاسییەکان و بەشێکی زۆر لە خەڵکی، رۆڵێکی گرنگ و سەربەخۆیان لەو هەڵبژاردنانەدا هەیە، دەتوانرێت بوترێت کە دەری هیواش لەبەردەم کوردەکاندا ئاوەڵایە».

هەڤاڵ ویلدان لە وتەکەیدا ئەم راگەیاندنەی رەتکردەوە، بە دەربڕینێکی بێ بنەما و ساویلکەی لە قەڵەم دا و دووپاتی کردەوە کە کوردەکان گەر مافە ئینسانی و نەتەوەییەکانیشیان لە عێراقدا پێشێلکرابێت و رێزیان لێنەگیرابێت، بەڵام چ گومانێک لەوەدا نیە کە لە عێراق هەبوونی کوردەکان نکۆڵی لێناکرێت و لە رووی یاساییەوە دانپێدانراوە، بەڵام لە تورکیا نەک مافی نەتەوەیی و ئینسانی کوردەکان بەڵکو تەنانەت هەبوونیشیان بە رەوا نەناسراوە و نکۆڵی لێدەکرێت.

هەر بۆیە داوای لە دەسەڵاتی دەوڵەت و دامودەزگا سویدییەکان کرد کە لە بەر رۆشنایی راستییەکانەوە بنوارنە کورد و کێشەکەی و چی تر ئەو گفتانە نەکەنە بنەما بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو کێشەیە کە سەرچاوەکانی شتێکی تر نین جگە لەو دامودەزگایانەی کە بە دەسەڵاتی تورکیاوە گرێدراون و گوێڕایەڵی وین.

**لە کۆتایی وتارەکەیدا گرنگی بەوەدا کە:**

نابێت دووری کوردستان لەم وڵاتەوە ببێتە بنەما بۆ سیاسەتی دەرەوەی سوید بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێت گرنگیدان بە مافی یەکسانی هەموو مرۆڤێک لەبەر رۆشنایی بڕیارە نێونەتەوەییەکان بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ، ببێتە بنەما بۆ ئەو بڕیارانەی کە دەرهەق بە کوردیش دەدرێن.

**لە کۆبوونەوەکەدا نوێنەرانی پارتە سیاسییەکانی سوید، وتاریان دا و پشتگیری و هاوکاری خۆیان لە گرنگی وەبیرهێنانەوە و یادکردنەوەی کارەساتەکەی هەڵەبجە راگەیاند.**




لەو ماوە درێژەی تەمەنی رۆژنامەرگەی کوردیدا، رۆژگارێکی وا بۆ کورد نەڕەخساوە و ئەو هەل و مەرجەش بۆ رۆژنامەگەرانی کورد هەڵنەکەوتووە، کە رێ سانا بکات لە بەردەم ئامادەکردن و بڵاوبوونەوەی رۆژنامەیەکی رۆژانەدا بە زمانی کوردی.
تەنیا هەلێک کە لەم بوارەدا بۆ کورد رەخسابێت، دەرچوونی رۆژنامەی برایی «*برایەتی*» بوو، لە نێوەراستی هەفتاکاندا. ئەو رۆژنامەیەش تەنیا ماوەیەکی کورت دەوامی کرد و ئیدی رژێمی بەغدا ئەوەی بە کورد رەوانەبیننی و دوای بیست و حەوت ژمارە دەستی بەسەرا گرت و کۆتایی بەو تەمەنە کورتەی هێنا.
ئێستا دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر راپەرینە سەربڵند و مێژووییەکەی گەلی کوردماندا لە باشووری کوردستان، هەلومەرجێکی وا رەخساوە، جگە لە بوونی چەندەها دەزگای پەخش و راگەیاندن، بە دەیان هەفتەنامە، بڵاوکراوە و گۆڤار لە کوردستان دەردەچن.
هەرچەندە دەرچوونی رۆژنامەیەکی رۆژانە لەبەر زۆر هۆ دەبوایە زووتر بواری دەرچوونی بۆ بڕەخسێنرایە، بەڵام دەرچوونی «کوردستانی نوێ» مژدەبەخشی ئاسۆیەکی رووناک و داهاتوویەکی ئاوەڵایە لەبەردەم رۆژنامەگەریی کوردی و رۆژنامەنووسانی کورددا، کە هیوای ئەوەی لێدەکرێ لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە کە نەبوونی رۆژنامەیەکی رۆژانە بە کوردی خستوێتیە سەرجەمی کاری رۆژنامەگەری کوردییەوە.
رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» کە تا رۆژی ١٩٩٢/٣/٢، ٣٢ ژمارەی لێدەرچووە، جێی خۆشحاڵی هەموو خوێنەر و رۆژنامەنووسێکی کوردە. لاپەڕەکانی تا رادەیەکی باش ئاوەڵایە بۆ خامەی ئازاد و نووسینی گرانبەها و راگەیاندنی باروودۆخی ئێستای کوردستان.
پیرۆزبایی لە دەستەی نووسەرانی «کوردستانی نوێ» دەکەین و هیواداریین لە خزمەتی راستی و دیموکراسی و یەکێتیی ریزەکانی گەلی کوردستان دا بەردەوام بن.

# لە یادی «هەڵەبجە»دا

## پوختەی وتارەکەی سەرۆکی فیدراسیۆن

لە چوارەمینساڵرۆژی هەڵەبجەدا و بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو کارەساتە مەزنەی کە ئاکامێکی وێرانکارانەی لەسەر گەلەکەمان و مێژووە نوێکەی بەجێهێشت، بە هاوکاری دەزگا دەوڵەتی و هەندێک لە پارتە سویدییەکان، کوردەکانی ستۆکهۆڵم و دەوروبەری کۆبوونەوەیەکیان پێکهێنا و لە کۆبوونەوەکەدا فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان وێڕای ئەوەی کە دەستپێشخەربوو، ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا.

سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان هەڤاڵ «ویلدان تانریکولو» لە کۆبوونەوەکەدا وتارێکی داو تیایدا دەستی بۆ زۆر لایەنی گرنگ ڕاکێشا، کە لە ئێستادا چ ڕاستەوخۆ چ ناڕاستەوخۆ، پێوەندی پتەویان بەو ڕووداوانەوە هەیە کە تایبەت لە باشووری کوردستان و لە سەرانسەری کوردستاندا بە گشتی ڕوودەدەن.

لە دەستپێکی وتارەکەیدا گرنگی تەواوی دابوو بەو بێدەنگی و بەدەنگەوەنەهاتنەی کە ڕاستەوخۆ دوای ڕوودانی کارەساتەکە زۆربەی دەوڵەتانی گرتبۆوە و وای لێکردوون لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، چ گرنگییەکی پێویست بەو کارەساتە نەدەن. ئەمە وێڕای خۆخەفەکردن و بێدەنگیان لە تەواوی ئەو کۆبوونەوانەدا کە لەو ماوەیەدا لە سەرانسەری ئەورووپادا دەبەستران.

دواتر، سەبارەت بە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی پار لە باشوری کوردستان، دووا و ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە: لەگەڵ ئەوەشدا گەلەکەمان هەر لە دەسپێکی ڕاپەرینەکەوە دنیای ئاگادارکردبۆوە کە، ڕژێمی داپڵۆسەر و دڕندەی عێراق، جێی بڕوا نییە و گەر بۆی هەڵکەوێت، لە نزیکترین هەلدا، بە هەموو جۆرێ دەکەوێتە هەوڵدان بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەرینەکە و دیسانەوە داگیرکردنەوەی کوردستان، بەڵام هیچ لایەن و دەوڵەتێک گرنگی تەواویان بەم ئاگادارکردنەوەیە نەدا و ئاکامیش ڕوودانی ئەو کارەساتە مەزنە بوو کە تەواوی گەلەکەمان لە باشووری کوردستاندا دووچاری بوو و بووە هۆی بە ناچاری هەڵهاتنی ملیونەها کورد لە باشووری کوردستان و دیسانەوە وێرانکردنی بەشێکی زۆری کوردستان و گەڕانەوەی داروودەستەکەی ڕژێمی بەغدا بۆ کوردستان.

لە بارەی ئاکامی ئەو کارەساتەشەوە بۆ سەر کێشەی ئاشتی ناوچەکە ڕایگەیاند:

کە ئێستا دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر ئەو کارەساتەدا، دەبێت دەوڵەتان لەوە دڵنیابن کە تەنێ بەگرنگیدان و لەبەرچاوگرتنی ئاکامی ئەو کارەساتە، بە بەدەنگەوەهاتنی کورد و کێشەکەی و دۆزینەوەی



چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئەو کێشەیە، دەتوانرێت ئاشتی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا بێتە دی، چونکە بێ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، مەحاڵە ئاشتی لە لایەن ئەو دەوڵەتانەوە بۆ میللەتانی تری ناوچەکە دابینبکرێت.

هەربۆیە دەبێت، کێشەی کورد بخرێتە پاڵ ئەو کێشانەوە کە سەقامگیربوونی ئاشتی لە ناوچەکەدا پێوەبەندە و گرنگییەکی تایبەتی پێبدرێت.

لە بارەی داهاتووی نزیکی ئەو پێشنیارانەشەوە کە بۆ ئاوەدانکردنەوە و سەر لەنوێ بیناکردنەوەی کوردستان لە لایەن هەندێ لە دەوڵەتانەوە کراون ڕایگەیاند: کە لە ئێستادا بۆ بەدیهێنانی ئەو پێشنیارانە هیچ ڕێیەکی تر لە بەردەمدا نەماوە، پەلەکردن نەبێت لەجێبەجێکردنیاندا، چونکە ئەو پێشنیارانە ڕاستەوخۆ لە کاری ئاوەدانکردنەوە و بیناکردنەوەی کوردستاندا، ڕۆڵی گرنگیان هەیە و دەبنە بناغەیەکی پتەو بۆ هەنگاوی لە پێشتر لە داهاتووەیەی نزیکدا.

بێ لەمەش ڕایگەیاند کە:

سوید لەم کارەدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە و ناکرێت داموودەزگا بەرپرسیارەکانی ئەم وڵاتە کەمتەرخەم بن لەو ئەرکانەدا کە کەوتوونەتە سەرشانیان، بە تایبەت کە دەبینین، هێزەکانی عێراق بەردەوام و بێسڵکردنەوە لە پەلاماردانی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانندان، نەک تەنێ عێراق، بەڵکو تورکیاش بێگوێدانە مافە نێونەتەوەییەکان و بێ هیچ ڕێزگرتنێک لە یاسا نێودەوڵەتییەکان، بەردەوامە لە هێرشبردنە سەر ئەو ناوچانەدا کە ئێستا لە ژێر ڕکێفی



www.arsivakurdi.org

ئەو عەرەبانەی کە ئەوانیش بە گوێرەی پەیمانی سایکس- پیکۆ کەوتبوونە بەردەستی کۆلۆنیاڵ و ساڵەهای ساڵیش لە بندەستی تورکیای عوسمانیدا لە ئازادی و سەربەخۆیی بێ بەشکرابوون، پاش وەرگرتنی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی میللی خۆیان، راست ئەو سیاسەتە چەپەڵەیان لە ئاست کوردەکان بەڕێوەبرد، کە تورک لەگەڵ ئەوانیان بەکارهێنابوو.

لە عێراق ئەوە دەبینین پاش ۷۰ ساڵ خەباتی خوێناوی، وڵاتێکی وێران و گەلێکی لێقەوماومان بۆ ماوەتەوە و سەرەڕای هەموو دڕندەیی و زەبروزەنگێک، لە بەرامبەر رژێمێکی فاشی خوێنڕێژدا چەقیوە.

لە سووریا حکومەتی (پێشکەوتوخواز) سیاسەتێکی نائینسانانەی لە ئاست گەلی کورد گرتۆتەپێش و حاشا لە بوونی نەتەوەی کورد دەکا. کوردەکانی سوریا لە مافی رۆشنبیری و کۆمەلایەتی و نەتەوایەتی و تەنانەت مافی هاونیشتمانیش بێ بەشکراون.

لە لوبنان ئەو کوردانەی کە لە سەردەمی دەسەلاتی عوسمانیدا لەوێ ژیاون، ئێستا فەرق و جیاوازیان لەگەڵ دەکرێ.

بە کورتی پاش ۷۵ ساڵ، برینی پەیمانی سایکس- پیکۆ لە جەستەی میللەتەکەمان سارێژ نەبوە و تائێستا بە دەستیەوە دەناڵێنێ.

راستە زەحمەتکێشانی کورد بە کردەوە قەت ئەم دابەشکردن و سنوورە دەستکردەیان بەرەسمی نەناسیوە و پێوەندی ئابووری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری نەتەوەیی خۆیان لەگەڵ یەکتر پاراستوە، بەڵام پلان و فرۆفێڵی دوژمنانی کورد و هەڵکەوتی ژیوپۆلیتیکی ناوچەی رۆژهەلاتی نێوەڕاست، هەمیشە بۆتە کۆسپی سەر رێگای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.

دیارە ناکرێ لەم بوارەدا پاکانە بۆ سیاسەت و کردەوەی جاروبار ناهەمواری حیزب و رێبەرە سیاسییەکانی کورد بکەین. پێداچوونەوەک بە سیاسەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، گەلێک ناتەواوی و کەموکوڕیان بۆ دەردەخات کە پێویستە لە چوارچێوەی گۆڕاوی سیاسەتی ئیمرۆی جیهانیدا چاریان بکرێ.

ئەوەی ئیمڕۆ لە کوردستانی عێراق دەبینرێ و لە کایە دایە، بە هەق هیوا بە دوارۆژ لەدڵی هەموو نیشتمانپەروەرێکی کورددا، دەبزوێنێ. بۆیە بە بۆنەی یادی ۷۵ ساڵەی پەیمانی شومی سایکس- پیکۆوە، پشتگرتنی بزووتنەوەی ئیمرۆی کوردستانی عێراق، سەرەڕای ناتەواوی و کەموکوڕی و هەبوونی هیندێ دیاردەی ناحەز و دوور لە خەسڵەتی شۆڕشگێری، ئەرکی هەموو ئازادیخوازێکی کوردە.

سەرکەوتن لە هەریەک لە بەشەکانی کوردستان، سارێژکردنی لایەنێکی برینی پەیمانی (سایکس- پیکۆ)یە و هەنگاوێکە بەرەو بنەبڕکردنی ئەم زامە و ساخبوونەوە و هەستانەوە سەرپێ و گەیشتنە بە سەربەستی و سەربەخۆیی نەتەوەیی.

## هەڵەبجە

مەحموود خۆشناو

لە مێژ ساڵە، دەزووی دەنگی، بالاَ و ڕەنگی، لوتکە و بناری، بناغە و پێ دەشتی فرچکیان بە ئەبەردی و شۆڕشگێڕی و کۆڵنەدەری گرتووە. هیچ هێزێکیش نەیتوانیوە ئەو زریانە تووشە لەبار بەرێت و دایڕکێنێ.

هەڵەبجە: ئەو ئاقووسە مەزنەیە کە وشیارکەر و بێدارکەرەوەی کاروانکەری هاوتەریبی ڕێچکە گرتووی بزاڤی ڕەوای گەلەکەمانە.

کە هەڵەبجە دەچرێ، کزر و پرسە دەبەستێ، هیچ هەست و ویژدانێک نییە لە ئاستیدا کڕنووش نەبا، چۆک دانەدا و دانەوێ.

هەڵەبجە: دەنگی ژانی ژێردەستی و کۆیلەتی و ئەشکەنجەیە، دەنگی قامچی و کەلەپچەیە، ڕێژنەی گوللە و خشپەی پەت و سێدارەیە.

هەڵەبجە: مەشخەڵ و بەرزاییە، سروودە، نەورۆزە، بزاڤە.

هەڵەبجە: پرسەداری باڵای بوکێکی زراڤە

هەڵەبجە: دەنگ و بانگ و پێشمەرگەیە.

هەڵەبجە: بارانە، گەردەلوولە، بۆنە.

هەڵەبجە: بارزانە، ماردینە، مەهابادە، ئاگری وکەرکوک و خانەیە.

هەڵەبجە: مەشخەلە، پلێسەیە، ئاگرە.

هەڵەبجە: هۆزانە، پەخشانە، گەردەلوولە، ئەگریجەی هۆنراوەیە.

هەڵەبجە: مەشقە، ئەزموونە، وانەیە.

هەڵەبجە: هونەرە.

هەڵەبجە: مۆسیقا و سازە، ئۆتە و ژێیە.

هەڵەبجە: رووبارە، کانییە، زێیە.

هەڵەبجە: ئاڵەیە، لای لایەیە.

هەڵەبجە: نیشاندەری پانۆرامای هەڵوێستی ئەگریسی داگیرکەرە.

هەڵەبجە: ئالکانە*، کاوەیە.

هەڵەبجە: ئەعزەتەیە.

هەڵەبجە: ئاوێنە و یاد و پەیکەری بێ وێنەیە.

هەڵەبجە: هیوار ئەورۆم و لیتە، نیشەک و نانە.

هەڵەبجە: هەتوانی برینە، لاشەی شەلاڵبووی خوێنە.

هەڵەبجە: بۆدی شەهیدە، هیوای ئاسارە. فرمێسکی داچۆڕاوە.

هەڵەبجە: ئاڵایە، زەردەشت و ئارێستایە.

هەڵەبجە: سترانە، حەیرانە، لاوکە، بەستەیە.

هەڵەبجە: دەنگی زوڵاڵی گەلێکی ژێردەستەیە.

* زەکیە ئالکان، خوێندکاری کۆلێجی تەندروستی لە دیاربەکر لە ۱۶ ئاداری ۱۹۸۹ بەئاگری بەسەرخۆیدا رشت وخۆی سوتاند، دژبە فاشییەکانی تورکیا.

# پەیمانی سایکس پیکۆ و چارەنووسی کورد

نووسینی: کەریمی حسامی

مانگی مای ئەم ساڵ ٧٥ ساڵ لە بەستنی پەیمانی شومی (سایکس- پیکۆ) رادەبرێ. ئەو پەیمانەی کە لە مانگی مارتی ١٩١٦دا، وتوویژی دەستپێکرا و لە ٩-١٦ مانگی مای لە نێوان دوو دەوڵەتی کۆلۆنیالی ئینگلیز و فەرەنسادا ئیمزا کرا.

لەسەردەمی شەری یەکەمی جیهانیدا، کاتێک دەوڵەتەکانی ئینگلیز و فەرانسا هەستیان بە شکانی ئەڵمانیا کرد، بۆ دابەشکردنی بەشی ئاسیایی خاکی ئیمپراتۆری عوسمانی کەوتنە وتوویژ و نەخشەکێشان و بە نهێنی لەسەری رێکەوتن. دیارە لەسەرەتاوە دەیانویست ئەم پلان و پەیمانە لە روسیا بشارنەوە، بەڵام رووسیای تزاری، کە بەم وتوویژ و پلانەی زانی، رایگەیاند کە بەو مەرجە بەم پەیمانە رازی دەبێ، کە مەڵبەندەکانی سەرووی رۆژهەلاتی تورکیا کە بە گشتی ناوچەی ئەرزەروم و ترابزون و بتلیس و ناوچەی سەرووی رۆژئاواش کە کوردستان بوو بدرێن بە رووسیا. پاش دەمەتەقەیەکی زۆر، هەرسێک دەوڵەت رێکەوتن و بە قەولی «کارل دومان» مێژوونووسی چیک: «دوای دابەشکردنی کوردستان ساڵی ١٦٣٩ لە نێوان ئیمپراتۆری ئێران و عوسمانیدا، جارێکی دیکەش کوردستان، بێ ئەوەی بیر و ویست و داخوازی گەلی کورد لەبەرچاو بگیرێ، وەک بەشە گۆشت لە نێوان دەوڵەتە کۆلۆنیالییەکاندا دابەشکراوە».

هەڵکەوتی جوغرافیایی و ستراتیژی کوردستان، خاکی بە پیت و بەرەکەت و کانگا ژێر زەویەکانی نیشتمانی کورد، بە تایبەت چاڵاوی زێری رەش، دەمێک بوو سەرنجی کۆلۆنیالیستەکانی راکێشابوو، چاوی تەماعیان بڕیبوە کوردستان.

شەری یەکەمی جیهانی، لەق و لۆربوونی ئیمپراتۆرتی خوێنخۆری عوسمانی، دەرفەتێکی لە باری بۆ دەوڵەتە کۆلۆنیالەکان پێکهێنا کە نەخشەی دابەشکردن و داگیرکردنی کوردستان بکێشن و ئەم نەخشەیەش بە هۆی پەیمانی شوومی (سایکس- پیکو) پیادە بکەن.

لە سەرەتاوە بە گوێرەی ئەو پەیمانە بەشی ئاسیایی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە دوو مەڵبەندی ژێردەسەلاتی ئینگلیز و فەرانسە دابەش دەکرا.

مەڵبەندی ژێر دەسەلاتی بەریتانیا کە بە مەڵبەندی «سوور» دانرابوو، بریتی بوو لە (بەین النهرین- عێراق) کە لە خانەقینەوە هەتا خوارووی کوێتی دەگرتەوە. مەڵبەندی ژێر دەسەلاتی فەرانسە کە بە مەڵبەندی «شین» ناودەبرا، بە شێوەی سەرەکی سووریا و لوبنان و بەشی خوارووی رۆژهەلات تورکیا (واتە کوردستانی سەرووی رۆژئاوا)ی دەگرتەوە.

لەم ناوەدا فەلەستین بە ناوچەی «قاوەیی» دەستنیشان کرابوو کە کە بخرێتە ژێر چاوەدێری نێونەتەوەییەوە.

پاشان کە رووسیا پێی زانی، بەو شەرتە رازی دەبوو کە هەروەک باسکرا، مەڵبەندەکانی سەرووی رۆژهەلاتی تورکیا بدرێن بە رووسیا. ئەوە لە نامەیەکی وەزیری دەرەوەی رووسیادا، ٢٦/ئەپریلی/ ١٩١٦ راگەیەنراوە.

دوای شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەر ١٩١٧ حکومەتی تازەی سۆڤیەت لەو پەیمانە و لە گشت پەیمانە داگیرکەرە کۆلۆنیالیەکان کشایەوە، پەیمانی سایکس- پیکۆ بۆ دوو دەوڵەتی ئینگلیز و فەرانسە مایەوە.

هەرچەندە ئەو پەیمانە تەنیا کوردستانی ژێردەستی عوسمانیی نەدەگرتەوە و عێراقی عەرەب و سوریا و لوبنان و فەلەستینیش دەکەوتنە بەر ئەم دابەشکردنە، بەڵام وەک دەبینین قورسایەتی چارەڕەشی ئەو پەیمانە کەوتە سەر شانی نەتەوەی کورد و تا ئێستاش هەر لە ژێر باری گرانیدا پشتی چەماوە و دەناڵێنێ.

٧٥ ساڵ لەم پەیمان و دابەشکردنە رادەبرێ. لەو دەمەوە پتر لە ٧٥ میللەتی بچووکی ژێردەستی کۆلۆنیالی رزگاریان بووە، سەربەخۆییان وەرگرتووە و ئاڵای سەربەستییان لە کۆری دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا بەرز کردۆتەوە، بەڵام ئەو کوردانەی لە چوارچێوەی پەیمانی سایکس- پیکۆ و لە بن دەستی حکومەتی عوسمانی و پاشان تورکیادا مانەوە، پاش ٧٥ ساڵ هەروا بندەست و چەوساوە و بێبەش لە مافی نەتەوایەتیدا، ژیانی تاڵ و دژوار بەسەر دەبن.

حکومەتی تورکیا و لاوانی تورک، دوای سەرکەوتن گەلێک درندانەتر لەگەڵ ئەو کوردانە بزووتنەوە، کە لەسەرکەوتندا یارمەتیان دابوون. هەر بۆ ئەوەی کە بڕیارەکانی پەیمانی سیڤەر لەسەر کوردەکان، نەگەنەجێ، ***کەمال ئەتاتورک*** پاش خۆگرتن لەگەڵ دەوڵەتە سەرکەوتووەکان کەوت و خۆی بە کلکی ئەوانەوە بەستەوە و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی بە قورقوشم و باروت، بە کوشتاری بە کۆمەڵ و بە گواستنەوەی کوردەکان لە نیشتمانی خۆیان، سەرکوت کرد. سیاسەتێکی رەگەزپەرستانە و فاشیستی بۆ تواندنەوەی گەلی کورد گرتە پێش، کە تائێستاش هەر درێژەی هەیە.

www.arsivakurdi.org

## ● لەم ژمارەیەدا ●

### کرمانجی خواروو


پەیمانی سایکس پیکۆ و چارەنووسی کورد ........................ کەریمی حسامی
هەڵەبجە.............................. مەحمود خۆشناو
لە یادی هەڵەبجەدا ....................... ف. نانریکولو
کوردستانی نوێ ...........................
پرۆتۆکۆلی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ گەلی کورد ....................
دیاردەیەکی سەرنج راکێشەر........................ جەمشید حەیدەری
هێرمانسۆن لە کۆنگرەی فیدراسیۆندا ......................
دەربارەی کۆنگرەی فیدراسیۆن.........................
ئەو نووسەرە نەراستی دەڵێت و......................... موراد جوان
پێشەوا قازی محەمەد.......................... شیروان
سەرزەمینی دوور- چیرۆک- ..................... موحسین محەمەد عومەر
گوڵ - چاڵ - پارانەوە (شیعر)........................
لەگەڵ هەژار دا................................. ئەحمەد دلزار
ئیقبال حاجبی .............................. هیوا زەندی
هونەرمەندی کورد محەمەد حەمە سەعید حەسەن ............. نەژاد سەرکەن


### کرمانجی ژووروو


داگیرکەران خوەستن ئاگرێ نەورۆزێ ...........................لۆران جەنگین
ئاخافتنا سەرۆکێ فیدراسیۆنا ل سەرنەورۆز.........................
ئارمانج رۆژێن گەشتر...........................لۆران جەنگین
هەلەبجە پشتی چار سالان.............................
د کۆنگرا فیدراسیۆنێ دە پرسێن ژنێن کورد..................م. کیپەر
قونجکا حوقوقی...............................ئیلیزابێت فریتز
ئەژنابیا ل دژی پەنابەران خورت د بە...........................شۆرش زیرەک
دڵێ کورد ژ نەتەوەێن دن بێتر...........................مستەفا ئایدزوان
پیمانی سیاکس-پیکۆ..........................کەریمی حسامی
کۆمیتا سوێدی ژ ماخێ مرۆڤی ێن کوردان. ...........................
تێکهلیێن کوردی و سوێدی ...........................ئەحمەد تگریس
تێگەیشتنا کوردان ژ زاراڤێن...........................زین العابدین زنار
داخوازی ژ هونەرمەندێن مە...........................هادی ئومەری


### بەشی دملی (زازاکی)


خزفێ نەوروزی دەولەتا فاشیستا...........................محەمەد هەمبیلۆ
سۆز بد مەکی...........................کۆیز بەرز
دێ هەلا...........................حەمیدێ مامێکز
ئاروپا رە چەند خەبەرێ ...........................محەمەد هەمبیلۆ
سەریلێدانا ژ بۆ بەشا تەرجومانیا کوردی...........................



# بــەربــانــگ

ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوێد

*بەرپرسیار:* خەبات عارف

*دەستەی نووسەران*

خەبات عارف، بەرۆژ ئاکرەیی، دیلان دەرسیم،
ل.جەنگین، پ. خۆرتۆ، مستەفا ئایدزوان، بوبێ ئەسەر،
حەمیدکلچاسلان، محەمەد هەمبیلۆ

*پیتداچن و تەکنیکاران*

دیلان دەرسیم، بوبێ ئەسەر، لۆران جەنگین

ئابوونەی ساڵانە: ۲۰۰ کرۆنی سوێدییە
بۆ دەزگاکان ۳۰۰ کرۆنی سوێدییە

دەستەی نووسەران لە نووسین و وتارەکانی فیدراسیۆن و لەو نووسینانەی بە
واژۆی خاوەنەکانیان بڵاوەکرێنەوە، بەرپرسیار نییە.

ناونیشان:

BERBANG
Box 490 90
100 28 STOCKHOLM

تەلەفۆن:

08- 652 85 85
Fax. 08- 650 21 20

پۆستگیرۆ:

64 38 80-8

ژمارە ۷۹-۸۰ ساڵی (۱۱) ۱۹۹۲

☐ فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد، لە ۶-۶-۱۹۸۱ دامەزراوە.

☐ گۆڤاری بەربانگ ژمارەی یەکەمی لە ۱۹۸۲/۷دا، بڵاوکراوەتەوە.


www.arsivakurdi.org



هێمن لە دەمی ماڵئاواییدا لە خەڵکی شارەکەی، کاتێ سابلاخ کەوتەوە دەستی رژێمی ئاخوندەکان.
ساڵ .١٩٨-١٩٨١

شیوەنی من شیوەنی ئینسانییە

بانگی ئازادی و گرۆی یەکسانییە

هێمن

www.alkurdi.org

SVERIGE
PORTO BETALT

**B**

# بەربانگ



گۆڤاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوید ژمارە ٧٩-٨٠ ساڵ «١١»